بسم الله الرحمن الرحيم

پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( 9 ) :


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | یەکخواپەرستی و شوێنکەوتن و تەزکیە سێ بنەوای لەیەك دانەترازاوون | سەرنووسەر |
| ٣ | پایەکانی باوەڕ : باوەڕبوون بە فریشتە | زانست |
| ٤ | خۆشەویستیت بۆ دینەکەت هۆکاری پابەند بوونتە لەسەری | حیدر عدنان کریم .ك . دەرمانسازی . هەولێر |
| ٥ | خراپی و سزایی سەرخۆشی لە لای گیانلەبەران !!! | نەرمین حیدر . ك . پ . کلار . فیزیا |
| ٦ | شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی ( بەشی سێیەم ) | م . مجید عبدالحمید . کفری |
| ٦ | هەندێك لە پاداشتەکانی قورئان خوێندن | إدریس محمود . دەرچوی یاسا . سلیمانی |
| ٨ | ئایا تۆیش بەم شێوە لە بانگەوازکردن تێگەیشتوویت ؟! | طیب عادل . ك . پ . کەلار . کیمیا |
| ٩ | بالأپۆشی ناسنامەی پاکێتی یە | زهراء محمد مجید . پ . کەلار . مێژوو |
| ١٠ | بەئاگابە نیەت بنەوای هەموو کردارێکە | تاژان صدرالدین . ئەندازیاری پلانسازی . ك . ت . سلێمانی |
| ١١ | مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی | م . علی محمد علی .دەرچووی.کۆمەڵایەتی . کەلار |
| ١٢ | ئیسلامۆفۆبیا ... بەرهەمی عەولەمەیە | م . عیمان أحمد . دەرچووی بیرکاری |
| ١٣ | نامەیەیکی گرنگ بۆ ئافرەتانی موسڵمان | داستان صابر . کۆلێژی زمان E . سلێمانی |
| ١٣ | دیکۆری هیچ پەنجەیەکت بەدیکۆری پەنجەکانی ترت ناچێت | صباح نجیب . ك . پ . کەلار . فیزیا |
| ١٥ | هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیە خۆکوژیەکان | زانست |
| ١٦ | خەلافەتی ئەبوبەکر لە نێوان حەقیقەت و چەواشەکاری نەیاراندا | صلاح علی قادر . ك . پ . کەلار . جوگرافیا |
| ١٧ | ئەو هۆکارانەی کە گەنجان دوور دەخاتەوە لەتاوانی عیشق | هیوامحمد زیرەك .ك.پ.کەلار.کوردی |
| ١٨ | لاوان و پێگەی گرنگیان | بیلال جەلال.پ.فیزیا.کەلار |
| ١٩ | ناوو سیفەتەکانی خوا و گاریگەریان لەسەر مرۆڤ | أحمد محمد . دەرچوی یاسا . صلاح الدین |
| ٢٠ | کۆچکردن لەپێناو یەك فەرموودەدا | م .پشتیوان محمد . دەرچووی عربی . صلاح الدین |
| ٢١ | مەرجەکانی بالأپۆشی ئافرەتی موسڵمان | م . عبداللە أحمد . دەرچووی بیرکاری |
| ٢٣ | بەرهەمەکانی ڕەوشت جوانی | دڵشاد سمین برزنجی . ك . پ . کەلار . مێژوو |
| 24 | RULING ON HOROSCOPES | م . ڕێبوار صابر . دەرچووی ئینگلیزی . خانەقین |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

**Zanest@Gawab.com**

**Zanest119@gmail.com**

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : **www.ba8.org** بکە .

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدین .**

دەستەی نووسەران :

**هاوار عبداللە . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**رزگار محمد . دەرچوی E . صلاح الدین .**

**علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**بیلال جلال . ك . پەروەردەی فیزیا کەلار .**

## یەکخواپەرستی و شوێنکەوتن و تەزکیە سێ بنەوای لەیەك دانەترازاوون

پاش شوکر و ستایش بۆ تەنها پەروەدگارێك کە هەر ئەوە شایستەی هەموو پەرستنەکانە ، و درود و سەلام لەسەر پێغەمبەرەی نازدارمان کە تەنها ئەو شایستەی شوێنکەوتنە ، دەڵێم :

لە ژمارەی پێشووی ئەم بلاوکراوەیە و ژمارەیەکی پێشووتری ئەوە خرایە ڕوو کە :

**یەکەم : یەکخواپەرستی بنەوای بانگەشەی هەموو پێغەمبەرانە .** علیهم السلام . ، و هیچ پێغەمبەرێك نیە نێردرابێت بۆ ئوممەتەکەی ئیللا یەکخواپەرستی بنەوا و کۆڵەکەی بانگەوازەکەی بووە و ئەولەویەتی پرس و باسەکانە بووە ، هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) .

وە لەبەر ئەوەی کە یەکخواپەرستی بنەوای هەموو شتێك بووە و لە پێش هەمووش بووە ، دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ کە بانگەوازخوازانی ناردووە و بۆ وڵاتان و شاران فەرمانی پێکردوون بەوە دەست پێبکەن ، هەروەکو بە ( معاذ ) ی فەرموو : " فليكن أول ما تدعوهم إليه ، شهادة أن لا إله إلا الله " ( رواه البخاري ومسلم ) ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : " فليوحدوا الله " ، یان : " فليعبدوا الله " ، واتە : بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار بەتەنها بپەرستن .

کەواتە یەکەم بنەوا لە پەیڕەودا : ئەوەیە کە بانگەشەی ئوممەت بکرێت بۆ یەکخواپەرستی ، ئەوەش شوێنکەوتنی پێغەمبەرانە .. بەگشتی و پێغەمبەری ئازیزمانیش ﷺ بەتایبەتی ، وە یەکخواپەرستیشە یەکەم پێویستێك پێش هەموو کردەوەکان لە سەر هەموو تاکێکی موکەللەف لە ئیسلامدا : ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ﴾ ( محمد : ١٩ ) ، هەر ئەویشە ئەگەر دووا ووشەی پێش مردنی هەر کەسێك بێت دەڕواتە بەهەشتەوە .

**دووەم : شوێنکەوتن :** واتە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ : چونکە ئاشکرایە کە خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ﷺ ناردووە بۆ ئەوەی ببێت بە سەرمەشق و پێشەوا ، و موسڵمانان شوێنی بکەون ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴾ ( الأحزاب : ٢١ ) . کەواتە دەبێت : پێشەنگ و چاولێکراو هەر ( محمد ) ﷺ بێت ، چونکە هەر بەوەیشە خۆشەویستی خوای پەروەردگار بە دەست دێت وەك فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ٣١ ) .

**لێرەشدا دەمەوێت باس لە بنەوای سێیەم بکەم کە تزکیەیە ( التزكية )** : چونکە پێویستە موسڵمان تەزکیەی خۆی بکات ، کە پەیامی پێغەمبەرمانە ﷺ ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴾ ( الجمعة : ٢ ) .

واتە یەکێك لە بنەواکانی کاری پێغەمبەری خوا بریتیە لە تەزکیە ، بەڵام دەبێت بزانرێت کە چۆن خۆمان تەزکیە دەکەین ؟!

لە وەڵامدا دەڵێم : لە هەموو گرنگتر تەزکیەکردنە لە لایەنی : یەکخواپەرستی و شوێنکەوتنەوە ، چونکە کە تۆ پەروەردگارت پەرست ، و شوێنی پێغەمبەرەکەی ﷺ کەوتی بەو شێوەیەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون ، ئەو کاتە خوای پەروەردگاریش دەروونت پاك دەکاتەوە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەپاڕایەوە : " اللهم آتِ نفسي تقواها وزكها أنت خير من زكاها أنت وليها ومولاها " ( رواه مسلم ) .

وە کە ئێمەی موسڵمان بەو شێوەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕاگەیاندووین خوای پەروەردگارمان پەرست و لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و هەموو پەرستشەکانماندا شوێنی پێغەمبەر کەوتین ، ڕووناکیەك لە دڵەکانماندا دەبینین ، و لە ڕوح و دڵ و مێشکاماندا هەست بە چێژی ژیان دەکەین ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً ﴾ ( الأنفال : ٢٩ ) ، کە بە هۆیەوە جیاوازی دەکەین لە نێوان : سوننەت و بیدعە ، و یەکخواپەرستی و هاوەڵبڕیاردان ، و چاکە و خراپە ، شتەکانمان لە لا تێکەڵ نابێت .

وە پاشان دەبێت بزانین : کە ئەم ئاینە ڕەوشت بەرزی دەوێت ، وە پێویستی کردووە کە دەروونەکان لە هەموو ڕەوشت نزمیەك پاك بکرێنەوە و تەزکیە بکرێن ، کە هەر هەموو نەخۆشی کوشەندەن بۆ لە ناوبردنی ئوممەت ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق " ( السلسلة الصحيحة : ٤٥ ) .

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کانیاوی هەموو ئەوانە و سەرچاوەیان : زانستە ، کە ژیانی دڵەکانە ، و ژیانی مێشکە ، بەزانست دەتوانین هەموو ئەو بنەوایانە بەدی بێنین ، و هەر بە تەزکیەشە بنەوا ڕەوشتیەکان بەدی دێن .

جا ئەمەیە بانگەشەی هەموو پێغەمبەران و شوێنکەوتوانی تاڕۆژی دوایی : **زانست** ، و **شوێنکەوتن** ، و **ڕەوشت بەرزی** ، و پەیوەست کردنی خەڵك بە پەروەردگاریان ، و کردنیان بە شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوا ، و بڵاوکردنەوەی ڕەوشت و ئەمن و ئەمان لە نێو بەندەکانی خوای پەروەردگار ، هەر ئەمەشە شایستەی شوێنکەوتن و پیادەکردن ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جارێکی تر لە سایەیدا بحەسێتەوە .

**سەرنووسەر**

## **پایەکانی باوەڕ** : **باوەڕبوون بە فریشتە** ( **الإيمان بالملائكة** )

فریشتە ( الملائكة ) : جیهانێکی پەنهان و نادیارن ، خوای گەورە لە ڕووناکی ( نور ) درووستی کردوون ، بە تەنها خوا دەپەرستن ، و بە تەواوی و بێ دواخستن فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن ، خوای گەورە توانای جێبەجێکردنی پێ بەخشیون . بۆ هیچ کەسێك لە مرۆڤ و جنۆکە درووست نیە فریشتە بپەرستن یان لێیان بپاڕێنەوە ، چونکە توانای زیان گەیاندن یان سوود گەیاندنیان نیە و ملکەچی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارن ﷻ .

فریشتەکان ژمارەیان زۆر زۆرە و تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت چەندن ، بەڵگەش لەسەر زۆری ژمارەیان ئەوەیە کە ( بيت المعمور ) لە ئاسماندا ڕۆژانە حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناوی بۆ پەرستن و نوێژکردن تیایدا و جارێکی تر ناگەڕێنەوە .

### **باوەڕبوون بە فریشتە چوار شت لە خۆ دەگرێت** :

**یەکەم** : باوەڕبوون بە بوونی فریشتە .

**دووەم** : باوەڕبوون بەو فریشتانەی کە ناوەکانیان دەزانین وەکو : ( **جبريل** ) عليه السلام کە وەحی دەگەیەنێت بە پێغەمبەران ( الأنبياء والرسل ) . عليهم السلام . .

و ( **میکائیل** ) کە سەرپەرشتی باران و گژوگیا دەکات .

و ( **ئیسرافیل** ) کە کاتی هەڵسانی قیامەت و زیندوو کردنەوەی خەڵکدا فوو دەکات بە کەڕانەدا ( النفخ في الصور ) .

و ( **ملك الموت** ) کە ڕووحی گیانلەبەران دەکێشێت لە کاتی مردنیاندا ، ...... هتد . وە باوەڕبوون بەو فریشتانەش کە ناوەکانیان نازانین .

**سێیەم** : باوەڕبوون بەو سیفەتانەی کە فریشتەکان هەیانە وەکو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕاگەیاندووین کە جبریل عليه السلام شەش سەد باڵی هەیە . فریشتەکان دەتوانن بە ئیزنی خوای گەورە خۆیان بگۆڕنە سەر شێوەی ئادەمیزاد بەڵگەش لە سەر ئەمە ئەوەیە کە جبریل عليه السلام لەسەر شێوەی پیاوێکی جل سپی قژ ڕەشدا هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و چەند پرسیارێکی لێکرد و پاشان ڕۆیشت ، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ( عمر ) ی کوڕی ( خطاب ) ی فەرموو : ئەوە جبریل بوو هاتبوو دینەکەتان فێر بکات ( رواه مسلم ) .

**چوارەم** : باوەڕبوون بەو کردەوانەی کە فریشتەکان بە فەرمانی خوای گەورە ئەنجامی دەدەن و ئێمە دەزانین ئەنجامی دەدەن ، وەکو تەسبیحات کردن ، و خواپەرستی کردن بە شەو و بە ڕۆژ بە بێ ماندوو بوون و بێتاقەتی .

### **سوودەکانی باوەڕبوون بە فریشتە** :

**یەکەم** : زانینی گەورەیی خوا و دەسەڵات و توانای بێ سنووری ، چونکە گەورەیی درووستکراو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی درووستکار .

**دووەم** : سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر ئەوەی کە چەندین فریشتەی داناوە بۆ پاراستنی ئادەمیزاد و نووسینەوەی کردەوەکانیان وچەندین کاری گرنگی تریش .

**سێیەم** : خۆشویستنی فریشتەکان چونکە ئەوان بەردەوام خواپەرستی دەکەن و فەرمانەکانی خوای گەورە جێبەجێ دەکەن بۆیە پێویستە خۆشمان بوێن [1] .

**زانست**

---

[1] کەسانی دڵ نەخۆش پێیان وایە فریشتەکان جەستەیان نیە بەڵکو بریتین لەو هێزە چاکەیەی کە لە درووستکراوەکاندا هەیە و هێزێکی مەعنەوین . بەڕاستی ئەم قسەیە بەدرۆخستنەوەی قورئان و سوننەت و یەکدەنگ ( إجماع ) ی موسڵمانانە . چونکە خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ جاعل الملائكة أولي أجنحة مثنى و ثلاث ورباع ﴾ ( فاطر : ١ ) واتە : ( خوای گەورە ) فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی کە خاوەنی چەندەها باڵن ، هەیانە دوو یان سێ یان چوار باڵە . ئایا ئەگونجێت هێزی مەعنەوی باڵی هەبێت ؟!!

وە هەر ئەو کەسانە دەڵێن : شەیتان بریتیە لە هێزی شەڕ و خراپە لە مرۆڤدا و هێزێکی مەعنەویە ، بە ڕاستی ئەم قسەیە درۆیەکی ئاشکرایە چونکە خوای گەورە فەرمانی کرد بە شەیتان سوجدە ببات بۆ ئادەم ئەی ئەگەر هێزێکی مەعنەوی بێت چۆن سوجدە دەبات ؟!! وە چۆن لە قسەی خوای گەورە تێ دەگات ؟!! وە چۆن هەوڵی گومڕاکردنی نەوەی ئادەم دەدات ؟!!!

# خۆشەویستیت بۆ دینەکەت هۆکاری پابەند بوونتە لەسەری

الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، والصلاة والسلام على الهـادي إلى الصراط المستقيم محمد بن عبدالله وعلى آله وصحبه ومن تبعهم على النـهج القـويم ، أمـا بعـد : ئەگـەر تێڕوانین بکەین لـەو فـەرموودەی پێغەمبەری خـوا ﷺ کە ( ابن عبـاس ) لـە ( صحيح البخـاري ) دەیگێڕێتەوە بـاس لەوە دەکـات : کە ( أبو سفيان ) پێش ئەوەی موسوڵمان بێت دەڕوات بۆ لای گـەورەی ڕۆمـەکان هیرەقل کـە کـافر بـوو ، هیرەقل چەند پرسیارێکی لێدەکات ، یەکێك لـەو پرسیارانە دەڵێت : ئایا ئەو کەسانەی باوەڕ دێنن بـە محمـد کەسیان بێزار دەبن و هەڵدەگەڕێنەوە لێی ، أبو سفيان دەڵێت : نەخێر ، پاشان هەرقل دەڵێت هەروەها ئیمانیش وایە ئەگەر لە دڵدا چەسپا ئـەوا هەڵگەڕانـەوەی لـێ نیـە . ئەمـەش ئامـاژە کردنێکـی سەرسوڕهێنەرە کە ئەم پیاوە ئامـاژەی بۆ دەکات ئـەویش ئەوەیـە دەسـتگرتن بـە دینـەوە بنیـات نـراوە لەسـەر خۆشەویستیت بۆ دینەکەت و پێ ڕازیبوون و ڕق لێ نەبوون ، چـونکە کەسـێك دینەکـەی خۆشـبووێت دەسـتی پێـوە دەگرێت ، وە ئەگـەریش لێـی بێزاربێت رقی لێبێتـەوە وازی لێـدێنێت ، ئەمـەش جیاکـەرەوە و سیفەتی بـەرزی دینـی ئیسلامی پاك و بێ گـەردە کە هەرکەسێك پێـی ئاشنا بێت ئەوا لە ناو دڵیدا دەچەسپێت و وازی لێناهێنێت لەبـەر هـەر بـارودۆخ و هۆکارێـك بێـت . وەکـو دەبیـنین هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـیچ خۆشـیەکیان وەکـو خۆشـی بەئیسلام بـوون نـەبووە وەکـو ئیمامی ( مـسلم ٢٦٣٩ ) ڕیوایەتی کردووە کە ( أنس ) دەگێڕێتەوە کە پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبـەری خوا ﷺ وە پـێی ووت کـەی ڕۆژی دوایـی دێت ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت : چیت بۆ ئەو ڕۆژە ئامـادەکردووە ، پیاوەکـەش ووتـی : خۆشەویـستی خـوا و پێغەمبەرەکـەی ﷺ ، پێغەمبـەری خوا ﷺ فـەرمووی : تـۆ لەگەڵ ئەو کەسەی کەخۆشت دەوێت .

( أنـــس ) دەڵێت پـاش ئیسلام بـوون هـیچ خۆشیەك ئەوەنـدەی ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ لامـان خـۆش نـەبووە کـە دەفـەرمووێت لەگـەڵ ئـەو کەسـەیت کـە خۆشت دەوێت ( أنـــس ) ووتی من پێغەمبـەری خوا ﷺ پاشان ( أبو بكر و عمر ) م خۆش دەوێت وە لە خوای گەورە داواکارم کە لەگەڵ ئەواندابم هـەر چەندە کردەوەی چاکم وەك ئەوان ئەنجام نەدابێت .

لەبەرئـەوە هاوەڵـەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئارامیـان دەگـرت لەسـەر ئـەو هـەموو ئـازار و ئەشـکەنجەیەی بـێ باوەڕانی قورەیش ، ئارامیـان لەسـەر هـەژاری و برسێتی و غەریبی دووری لەماڵ و منداڵیان دەگرت ، دەبینین لەسەر هەموو شتێك ئارامیان گرتووە لە پێناو دەستگرتن بەدینی ئیسلامەوە ، چونکە خوشەویستی ئیمان لەناو دڵەکانیاندا چەسپابوو وە تێکەڵ بە لەشیان بوو بوو ، لەبەر ئەوە وازیان لە دینەکەیان نەدەهێنا هەرچی ڕووی بدایەت .

لـەو گرفت و موسیبەتانەی کە ئەمڕۆ تووشمان بووە کۆمەڵە خەڵکانێك : هیمەتی موسڵمانانی نزم کردووەتەوە و سینگی تەنگ کردوون و ڕق وکینەی لە دڵدا دروستکردوون بەرامبـەر بـە دینـی خـوا !!! ئەمـەش بەڵایـەکی گەورەیە کە سینگی موسـوڵمانان ڕق و کینـەی تێـدا دروسـت دەبێـت بەرامبەر بە دینی خوا ( ئیسلام ) و پابەندبووان بەدینەوە ، ئـەوەش بەڕاسـتی لەناوچـوونی ڕاسـتەقینە کـە تووشـی موسـوڵمان دەبێت بەبێ ئـەوەی ئاگایـان لـە خۆیان بێت و بزانن وە دەبێتە گرفتێك لە باوەڕی موسوڵمان لە دینەکەی پەنا بە خوای گەورە .

لەبەر ئەوە گەورەترین دوعا و پاڕانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتی بوو لە : " يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك " .

لـەم ڕۆژگـارەدا دەبیـنین تووشـی گرفتێـك بـووین کـە خـەڵکانێك وا وێنـەی دینـی ئیسلام دەکێشن کە دواکەوتن وکۆنە پەرستیە و لاڕێیە ، وە لـەڕێگای پێشکەوتن و بـەرەو پێشـچوون دەوەسـتێت ، زانایـانی شـەریعەتی ئیـسلام وا وێنەیان دەکێشن کە نەزانن و لە دونیا تێنەگەیشتوون وە فەتواکان و زانستەکەیان تـەنها بۆ سـەردەمێك بوو ڕۆیشت وە بۆ هەموو ڕۆژگاری دەست نادات و بەکەڵك نایـەت ، بـەو شێوەیە ڕق لێبوون لە دڵی خەڵك دروست دەکەن وە خـەڵکی سینگ تـەنگ دەکـەن بەرامبـەر ئـەو کەسـانەی کـە پابەنـدن بەدینی خواوە ، تانەیان لێدەدەن ، بوختانیان پێدەکەن کە ئـەوان لێـی بـەرین ، وە ئەگـەر هەڵەیـەکیان کـرد ئـەوا لێـان گـــەورە دەکـــەن وە خـــەڵکیان لێـــی تـــووڕە دەکـــەن ، وە مەبەستیان بە پلەی یەکەم کەسەکان نیە بەڵکو ئەو ڕووناکی

و ڕێنماییانەی كە هەڵیان گرتووە بۆ ڕیی نشیاندانی خەڵك ، نەك هەر پابەندبووان بە دینەوە بەڵكو زانایان و بانگەوازكارانیش لێیان سەلامەت نەبوون ، كاریگەری ئەمەش لەسەر خەڵك وایكردووە كە تێڕوانینیان بەرامبەر ئەو كەسانەی كە دامەزراون لەسەر ڕیگەی ڕاست و پابەندن بەدینی خواوە ، وە لەسیما و ڕووكار و ڕەوشت و جل وبەرگیاندا دەردەكەوێت كە دەستیان گرتووە بە سووننەتی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەبینیت زۆرجار بەزمانی ڕەق و تێڕوانینێكی تووڕەییانە و ڕەوشتێكی ناشرین لەگەڵیاندا هەڵسوكەوت دەكرێت !!! وە لێرەدا دەڵێم : با كوێرانە لەشتەكان نەڕوانین لاسایی كەسانی تێنەگەیشتوو نەكەینەوە تاكو بەڕیگای هەڵە دا نەڕۆین ، چونكە ئێمەی موسڵمان دەبێت ئەو كەسانەی كە فەرمانی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ جێ بەجێ دەكەن زیاتر خۆشمان بوێت .

وە لەكۆتاییدا لە خوای گەورە داواكارم ڕێگای ڕاستمان پیشان بدات وە شوێنی بكەوین ، وە لەڕیگەی خراپ دوورمان بخاتەوە ، وە زانستی بەسوودمان فێربكات وە بە بەزەیی خۆی لێمان ببورێت هەر ئەو بەخشدە و میهرەبانە .

وَآخِرُ دَعْوَنا أَنِ الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِين

**حيدر عدنان كريم .ك . دەرمانسازی . هەولێر**

**خراپی و سزایی سەرخۆشی لە لای گیانلەبەران !!!**

سوپاس وستایش بۆ خوای باڵادەست ، خودایەك كە دروست كراوەكانی پڕ سەرنج و تێرامانە ، ڕەنگە زۆربەمان دروستكراوەكانی خوای گەورە بەسادە سەیر بكەین بەڵام بەسەرنج دان لەژیانی ئەو دروست كراوانە گەورەترین بەهاو واتا دەبەخشنە ژیان ، كە پاكی و یەكسانی وجوانی وبێ هەڵەیی بەرنامەی خوا دەخاتە پێش چاو .

هەنگ زیندەوەرێكە زوربەمان بیستومانە و ڕەنگە زانیارییەكی كەم دەربارەی بزانین .

ئەم زانیارییەش بابچێتە سەرخەرمانی زانیاریەكان دەربارەی هەنگ . دیارە كە هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت ، لەم كاتەدا مادەیەكی هۆشبەر دەخوات ، هەروەك چۆن مرۆڤ مەست دەكات هەنگیش سەرخۆش دەكات بۆ ماوەی ( ٤٨ ) سەعات ، ئەو نیشانانەی كە هەنگەكە توشی دەبێت دوای خواردنی مادە هۆشبەرەكە هەمان ئەو نیشانانەیە كە لەمرۆڤدا دەردەكەویت .

زانایان دەڵێن ئەو هەنگە سەرخۆشانە شەڕنگێز و زیان بەخش دەبن .

مادەی هەنگوینەكەشیان بەمادەی هۆشبەر ژەهراوی دەبیت . ئەمەش لەكاتێكدایە خودای گەورە لە قورئاندا ئاماژە بەهەنگوێن دەكات كە وەك شیفابەكاردیت : ﴿ يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ ﴾ ( النحل : ٦٩ ) .

برسیارێك دێتە پێشەوە خوای گەورە چۆن هەنگوێن بەساغی و دوور لە ژەهراوی بوون دەهێڵێتەوە ؟

ئاسانە بۆ دەستەڵاتی خوا . خوای گەورە لەناو خانەی هەنگدا جۆرە هەنگێكی داناوە كە ئامێری ئاگاداركردنەوەی پێ بەخشیون كە دەتوانن هەست بەبونی هەنگە سەرخۆشەكان بكەن و لە گەڵیان شەڕكەن ، و دووریان بخەنەوە لەخانەكەیان تا هەنگوینەكەیان بەپاكی بمێنێتەوە ، ئەمەش سەلمێنراوە بەدیراسەكردنی ( ٣٠ ) ساڵی زانایان .

زانایان دەڵێن هەنگەكان سزای قورس وتوندیان داناوە بەرامبەر بە هەنگە سەرخۆش بووەكان ، ئەویش بەدەركردن و شەڕكردن لەگەڵیان و دوورخستنەوەیان لە خانەكەیان تا دەگاتە شكاندنی قاچەكانیان ، ئەم دژایەتیە بەردەوامە تاهەنگە سەرخوشەكان دێنەوە هۆش وهەنگە پاسەوانەكان دڵنیا دەبن لە نەمانی كاریگەری ژەهرەكە لەسەریان و لەسەر هەنگوێنەكەشیان ، پاشان ڕێگەی چوونە ناو خانەكەیان پێ دەدەن ، ئەگەر سەرخۆش بوونی هەنگەكان دووبارە بووەوە هەنگە پاسەوانەكان سزای توندتر بەكار دێنن كە ئەویش شكاندنی قاچەكانیانە ، تا ئالودەی ئەو خووە ناپەسەندە نەبن .

جا بەڕێزان لە ناو زیندەوەراندا سەرخوش بوون خوڕەوشتێكی ناشیاو و بیزراو بێت !!! ئەوا ئێمەی مرۆڤ شیاوتر و بەڕێزترین بۆ ئەوەی بەدور بین لە سەرخۆش بوون ( لە دەستدانی كاتی عەقل ) چونكە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً ﴾ ( الإسراء : ٧٠ ) .

**نەرمین حیدر . ك . پ . كلار . فیزیا**

# شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی

**( بەشی سێیەم )**

( ابن القیم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە کتێبی ( الداء والدواء ) دا باسی شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی دەکات و دەفەرموێت :

سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار چەندین شوێنەوارێکی خراپ و نەویستراوی هەیە کە زیان بە دڵ و جەستە دەگەیەنێت لە دونیا و دوارۆژدا کە تەنها خوای گەورە خۆی ئەندازەکەی دەزانێت ، لەو شوێنەوارانە :

**٩/ سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوا دەبێتە هۆی کورتبوونەوەی تەمەن و فەوتان و نەمانی بەرەکەت :**

ئەوەشە شتێکی چەسپاوە و دەبێ ڕووبدات ، هەروەکو چۆن چاکەکاری دەبێتە هۆی زیادبوونی تەمەن ئەوا خراپەکاری لە تەمەن کورت دەکاتەوە .

زانایان لەم بابەتەدا چەند بۆچوونێکیان هەیە :

هەندێکیان دەڵێن : کورتبوون و کەمبوونەوەی تەمەنی سەرپێچیکار مانای ئەوەیە نەمان و ڕۆیشتنی بەرەکەت لە تەمەنیدا ، ئەمەشە ڕاستە و هەر ئەوەشە هەندێ لە کاریگەرییەکانی سەرپێچییە .

کۆمەڵێکی تر دەڵێن : بەڵکو هەر لە ڕاستیدا کەم دەبێتەوە ، هەروەکو چۆن ڕزق و ڕۆزی کەم دەبێتەوە ، جا خوای پەروەردگار بۆ بە دەستهێنانی بەرەکەت لە ڕزق و ڕۆزیدا هۆکارێکی زۆری داناوە کە دەبنە هۆی کەمبوون و زۆربوونی ، ئا بەو شێوەیەش بۆ بەرەکەت لە تەمەندا چەند هۆکارێکی داناوە کە دەبنە هۆی کەمبوون و زۆر بوونی .

دەڵێن : هیچ ڕێگر و مانعێك نییە لە زیاد بوونی تەمەن بە هۆی چەند هۆکارێکەوە هەروەکو چۆن کەم دەکات بە هۆی چەند هۆکارێکەوە ، جا ڕزق و ڕۆزی و ئاکام ، بەختیاری و بەدبەختی ، تەندروستی و نەخۆشی ، دەوڵەمەندی و هەژاری ، هەرچەندە هەموو ئەوانە بە قەزای خوای گەورە ڕوو دەدەن ، ئەوا خوای گەورە هۆکارەکانی داناوە بە ویستی خۆی کاریان تێدەکات .

کۆمەڵێکی تر دەڵێن : کاریگەری سەرپێچی لە کەمبوونەوەی تەمەن ئەوا مانای ئەوەیە کەوا ڕاستی و حەقیقەتی ژیان بریتییە لە ژیانی دڵان ، بۆیە خوای گەورە بێباوەڕانی بە مردوو ژماردوە و بە زیندووی دانەناوە هەروەکو دەفەرموێت : ﴿ أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاء ﴾ ( النحل : ٢١ )

جا ژیان لە ڕاستیدا ژیانی دڵانە و تەمەنی مرۆڤ بریتییە لە ماوەی ژیانی ، جا هیچ تەمەنێکی نییە تەنها ئەو کاتانەی ژیانی نەبێت لە گەڵ خوای خۆیدا ، ئا ئەوانە کاتەکانی تەمەنی ئەون ، چاکەکاری و گوێڕایەڵی و تەقوا لەو کاتانەدا زیاد دەکەن کە ئەویش تەمەنی ڕاستەقینەی ئەون ، هیچ تەمەنێك لەوە زیاتر نییە .

بە گشتی و بە کورتی : ئەگەر بەندەکان پشتیان لە خوا کرد و خۆیان بە سەرپێچییەوە سەرقاڵ کرد ئەوا ڕۆژگاری ڕاستەقینەی ژیانی لە دەست دەدات کە لە ڕۆژێکدا بەرهەمی لە دەستدانەکەی بەدیدەکات کاتێ دەڵێت : ﴿ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي ﴾ ( الفجر : ٢٤ ) .

جا ئەوە یان لە گەڵ ئەوەدا ئاگای لە بەرژەوەندییەکانی دونیا و دوارۆژ هەیە یاخود ئاگای لێ نییە ! ئەگەر ئاگای لێ نەبوو ئەوا هەموو تەمەنی لە دەست داوە و ژیانی بە بێ هوودە ڕۆیشتوە ، بەڵام ئەگەر ئاگای لێبوو ئەوا ڕێگاکەی دوور دەبێتەوە بە هۆی ئەو هەموو بەربەستانەی دێتە ڕێگای و هۆکارەکانی چاکەی لا گران دەبێت بە پێی سەرقاڵ بوونی بە دژەکانیانەوە ئەوەشە کەمبوونەوەی ڕاستەقینەی تەمەنە .

نهێنی مەسەلەکە لەوەدایە کەوا تەمەنی مرۆڤ ماوەی ژیانیەتی و مرۆڤیش ژیانی نییە تەنها بە ڕووکردنە پەروەردگارەکەی و چێژ وەرگرتن لە خۆشەویستی و یادی ئەو و پێشخستنی ڕازی بوونی ئەو بەسەر هەموو شتێکدا .

**م . مجید عبدالحمید . کفری**

# هەندێك لە پاداشتەکانی قورئان خوێندن

ئەی ئەو کەسانەی ئومێد و هیواتان بینینی خوای گەورە و شاد بوونە بە بەهەشت .

ئەی ئەو کەسانەی ئاواتتان بینینی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیەتی .

ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێ پلە بەرزەکانی بەهەشت بە دەست بهێنن و لە ناو باخ و باخاتەکانیدا پیاسە بکەن .

ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێ لە تەنگ و چەڵەمە و غەم و خەفەتی دونیا ڕزگارتان بێت .

ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێ لە ناڕەحەتی ڕووح کێشان ، لە تاریکی ناو گۆڕ ، لە ترس و شڵەژانی کاتی لێپرسینەوەی دواڕۆژ ، لە ناڕەحەتی سەر پردی ( صراط ) ، پاشانیش لە دۆزەخ ڕزگارتان ببێت .

ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێ بە دەستی سەروەری مرۆڤایەتی ، سەروەری پێغەمبەران ( محمد ﷺ ) لە ( کوثر ) ئاو بخۆنەوە .

ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێ تامی ژیانێکی خۆش بچێژن و ئەو بەختەوەریە ڕاستەقینەیە بە دەست بهێنن کە مرۆڤەکان بە دوایدا وێڵن .

بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێین: قورئان بخوێنن ، هاوڕێی قورئان بن ، لەگەڵ قورئاندا کاتەکانتان بە سەربەرن ، نەکەن واز لە قورئان بهێنن بە چەند بیانوویەکی لاواز و ناوبۆش ، چونکە هیچ شتێك نیە تۆی بەڕێز پێوەی خەریك بیت ئیللا قورئان لەو شتە بەڕێزتر و گەورەترە ئیتر ئەو شتە هەرچیەك بێت ، چونکە قورئان قسەی خوای گەورەیە .

بەراستی یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان کە وای لە موسوڵمانان کردووە واز لە قورئان بهێنن : نەزانینی ئەو پاداشتەیە کە بۆ قورئان خوێندن و قورئان خوێنان هەیە ، چونکە ئەگەر موسوڵمان ئەوانە بزانێت ئەوا دەروونی کڵپە دەسێنێت و هانی دەدات بۆ قورئان خوێندن و وازهێنان لە شتە لاوەکیەکان .

## پاداشتەکانی قورئان خوێندن

١. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري : ٥٠٢٧ ) . واتە: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان قورئان فێر دەبن وە فێری خەڵکیش دەکەن .

سەرنج بدە نەیوت چاکترینتان ئەو کەسانەن کە زۆرترین موڵکیان هەیە ، و خاوەن بڕوانامە و کۆشك و تەلاری بەرز و سەیارەی مۆدێل بەرزن .

٢ . ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەرە لە پێش ترن بۆ پێشنوێژی کردن وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی" يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله " ( رواه مسلم ) .

٣. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن الله يرفع بهذا الكتاب أقواما ويضع بها آخرين " ( رواه مسلم ) . واتە : خوا بەم قورئانە کۆمەڵێك خەڵك بەرز دەکاتەوە وە کۆمەڵە خەڵکێکیشی پێ دادەبەزێنێت .

٤ . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " يقال لصاحب القرآن : اقرأ وارتق .... فإن منزلتك عند آخر آية تقرؤها " ( رواه أبو داود و قال الألباني حسن صحيح : ١٤٦٤ ) .

واتە : بە قورئان خوێن دەوترێت : بخوێنە ، و بەرز بەرەوە ... چونکە پلە و پایەت لە کۆتا ئایەتدایە کە دەیخوێنیت .

٥ . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من قرأ حرفا من كتاب الله فله به حسنة ، والحسنة بعشر أمثالها ، لا أقول الم حرف ، ولكن ألف حرف ، ولام حرف ، وميم حرف " ( رواه الترمذي وصححه الألباني : ٢٩١٠ ) . واتە : هەرکەسێك پیتێك لە قورئان بخوێنێت چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت ، وە یەك چاکەش بە دە ئەوەندەیە ، ناڵێم ( الم ) پیتێکە ، بەڵکو ئەلیف پیتێکە ، وە لامیش پیتێکە ، وە میمیش پیتێکە .

## دوو وتەی بەنرخی یەکێك لە هاوەڵە بەڕێزەکان

٦ . ( عبد الله )ی کوڕی ( مسعود ) کاتێك کە قورئانی فێری کەسێك دەکرد ، بەسەر ئایەتێکدا تێپەڕ دەبوو ، بە کابرای دەوت : بگرە ، چونکە سوێند بە خوا ئەو ( ئایەتە ) باشترە لە هەرچی شت هەیە لەسەر زەویدا . ( قال الهيثمي في مجمع الزوائد : ١٦٦/٧ رواه الطبراني ، ورجاله ثقات ) .

٧ . دەشتەکیەك ( أعرابي ) دای بە لای ( عبد الله ) ی کوڕی ( مسعود ) دا لە کاتێکدا کە عبدالله خەڵکی فێری قورئان دەکرد ، دەشتەکیەکە وتی : ئەوە ئەوانە چی دەکەن ؟ عبدالله فەرمووی : میراتی محمد ﷺ بەش دەکەن .

ئەمانەی باسمان کرد بەشێکی زۆر کەم بوون لە پاداشت و فەزڵی قورئان خوێندن ، و قورئان خوێنان ، هیوادارم ناختان بهەژێنێت و واتان لێ بکات لەم ساتە بە دواوە دەست بکەن بە خوێندنەوە و فێربوونی قورئان چونکە ئەوانە تامی ژیان دەزانن کە قورئان خوێنن ، لە خوای گەورە داواکارم هیدایەتمان بدات بۆ قورئان خوێندن و تێگەیشتن لێی و کردەوەپێکردنی ، آمین .

إدريس محمود . دەرچوی یاسا ـ سلیمانی

## ئایا تۆیش بەم شێوە لە بانگەوازکردن تێگەیشتوویت ؟!

الحمد لله الذي أرسل رسوله بالهدى ودين الحق ، و شاهداً ومبشراً ونذيراً وداعياً إلى الله بإذنه وسراجاً منيراً ، والصلاة والسلام على محمد و آله وأصحابه أجمعين ... أما بعد :

**بانگەوازکردن ئەو کارە پیرۆزەیە کە پێغەمبەران .** عليهم السلام **. لەپێناوی نێردراون بە مەبەستی وریاکردنەوەی خەڵکی لەکارە ناڕەواکان و بانگەشەکردنیان بۆ یەکتاپەرستی خودا و شوێنکەوتنی ڕێگای ڕاست ، بێ گومان ئەم کارە گەورەیە کە لەلایەن خوای گەورەوە فەرمانی پێکراوە ڕووبەڕووی دژایەتیەکی گەورە دەبێتەوە لە لایەن خەڵکی لاڕێبوانەوە و دەبنە کۆسپ وبەربەست لە بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکە ، وە ئەم بەربەست و کۆسپانە دەبنە هۆی دروست بوونی ناڕەحەتی وە هەندێ جار بێزاریش بۆیە خوای گەورە بەڕەحمی خۆی ئارامی بە بانگەوازکار دەبەخشێت بە سەرکەوتنی لە دونیا ئەمیش : بە بڵاوبوونەوەی بانگەشەکەی وبینینی بەرهەمی بانگەشەکەی پێش مردنی وە لەڕۆژی دوایدا بە چاکە پاداشتی دەداتەوە :** ﴿ هَلْ جَزَاءُ الإِحْسَانِ إِلا الإِحْسَانُ ﴾ ( الرحمن : ٦٠ ) .

**بۆیە پێویستە لەسەرمان ئێمەش یەکێك بین لە بانگەوازکاران بۆ یەکتاپەرستنی خودا و ڕیگای ڕاست هەریەکە و بەپێی توانای خۆی تاکو بەر ڕەحمەت و فەزڵی خوای گەورە بکەوین لە دونیا و لە قیامەت ، بڕوانە ئەم فەزڵە کە داناراوە بۆ بانگەوازکار ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " من دل على خير فله مثل أجر فاعله " ( رواه مسلم ) **، واتە : هەرکەسێك چاکەیەك نیشانی کەسێك بدات ئەوە وەکو ئەو کەسە خێری دەگات کە چاکەکەی کردووە .**

**وە هەروەها بڕوانە ئەم فەزڵەیش بزانە کە پێغەمبەر ﷺ بە پێشەوا عەلی** رضي الله عنه **چی فەرمووە :** " لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خيرٌ لك من أن يكون لك حمر النعم " ( رواه البخاري : ٣٧٠١ ، ومسلم : ٢٤٠٦ ) **واتە : سوێند بە خوای پەروەردگار ئەگەر خوای گەورە تۆ بکات بەهۆکاری هیدایەتدانی کەسێك باشترە لەوەی کە باشترین جۆری حوشترت دەسکەوێت .**

**وە ئەگەر خۆت بە شوێنکەوتووی پێغەمبەر ﷺ دەزانیت ئەوا ئەم ڕاستیە بسەلمێنە بە جێبەجێ کردنی ئەم فەرموودەیە :** " بلغوا عني ولو آية " ( رواه البخاري ) .

**وە دوای ئەوەی شانت دا بە ژێر ئەم کارە پیرۆزە دەبێت ئەم خاڵانەت تێدا بدرەوشێتەوە :**

**١ . دەبێت پێش هەموو شتێك زانستت هەبێت دەربارەی ئەو بابەتەی کە بانگەشەی بۆ دەکەیت چونکە خوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ﴾ ( محمد : ١٩ ) .

**فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد کەپێشتر فێر ببێت دوای ئەوە بانگەشەی بۆ بکات .**

**٢ . وە پێوستە لەفێربوونی زانست وبانگەوازەکەیش تەنها مەبەستت ڕەزابوونی خودا بێت نەك مەبەستی تر .**

**٣ . دەبێت لە باشترین کەسەکانی ناو کۆمەڵگە بیت لە ڕووی ڕەوشت وئاکار وهەڵسوکەوتەوە چونکە باشترین بانگەوازکار ئەم سیفەتەی تێدا دەدرەوشایەوە وە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموێتی :** ﴿ وإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ ( ن : ٤ ) .

**٤ . دەبێت لە قسە و گوفتار و کردار نەرم ونیان بیت چونکە هیچ لە بانگەوازکەران لە دوای پێغەمبەران .** عليهم السلام **. لە پێغەمبەر موسی وهارون .** عليهما السلام **. باشتر نین وە هیچ لەوانەی کە بانگەواز دەکرێن لە فیرعەون خراپ تر نین کەچی خوای گەورە کاتێك ئەمانی نارد بۆ لای فیرعەون پێی فەرموون :** ﴿ فَقُولا لَهُ قَولاً لَيِّناً ﴾ ( طه : ٤٤ ) .

**٥ . دەبێت بەچاوی گەشبینیەوە بڕوانیتە بانگەشەکەت بەڵام ئەگەر بەرهەمی بانگەوازەکەت دیارنەبوو یان کەم بوو نابێت ناڕەحەت بیت و دەست بەبێزاری بکەیت چونکە هەندێ جار بەرهەمی بانگەشە دوای مردنی بانگەشەکەر بەباشی دەردەکەوێت وەکو بانگەشەکەی پێغەمبەر ﷺ .**

**٦ . دەبێت بەردەوام بیت لە بانگەوازکردن وە ئارام بگریت لەسەر ئەو ناڕەحەتی و کۆسپانەی کە لە ڕێگە دانراون چونکە دژایەتی کردنی مرۆڤی چاك لە تەبیعەتی مرۆڤە وە لەم ئایەتە پیرۆزە ورد ببەرەوە :** ﴿ وَلَقَدْ كُذِبَتْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَى مَا كُذِّبُوا وأُوذُوا حَتَى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا ﴾ ( الأنعام : ٣٤ ) **وە ئەویش بزانە تاوەکو ناڕەحەتیت زیاتر تووش ببێت ئەوا ئەوکات سەرکەوتن نزیك ترە** إن شاء الله .

**هەروەکو چۆن خوای گەورە بانگەشەکردنی بۆ یەکتاپەرستی خودا و ڕێگای ڕاست واجب کردووە لەسەر**

هەموو تاکێك بەپێی توانای ئەوا هەروەها شێوەی بانگەشەکەشی بۆمان ڕوون کردووتەوە سەرنج بدە لەم ئایەتە : ﴿ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَ الْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَ جَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ ( النحل : ١٢٥ ) .

شێوازەکانی بانگەشەکردن :

١ / دانایی ( الحكمة ) : ئەو کەسانەی پێ بانگەشە دەکرێت کەبەدوای حەقدا دەگەڕێن .

٢ / ئامۆژگاری جوان ( الموعظة الحسنة ) : ئەو کەسانەی پێ بانگەشە دەکرێت کەلەسەر ناحەقن بەلام کاتێك ڕاستیان بۆ ڕوون بووەوە وەری دەگرن وشوێنی دەکەون .

٣ / گفتوگوکردن بەوەی باشترە ( الجدال بالتي هي أحسن ) : ئەو کەسانەی پێ بانگەشە دەکرێت کە لەسەر ناحەقن ودژایەتی حەق دەکەن .

وە دەبێت لەکاتی بانگەشە کردندا ئەم مافانە بۆ کەسی بانگەشەکروا جێ بەجێ بکەیت :

١ ـ دان پینان بەموسڵمان بوونی ئەگەر موسڵمان بوو .

٢ ـ زوڵم نەکردن لێی لەهەموو ڕوویەکەوە .

٣ ـ نوێژکردن لە سەر مردووی ئەگەر گوناهبار بووبێت بەلام مردووەکە بەهۆی تاوانەکەوە لە بازنەی ئیسلام نەچوبێتە دەرەوە .

٤ ـ پاڕانەوە بۆی بەمەبەستی هیدایەت وەرگرتن .

٥ ـ وەرگرتنی قسەی ئەگەر حەق بێت و لەپێوەری شەرعدا بێت ... وصلى الله على محمد و آله وأصحابه أجمعين

**طیب عادل . ك . پ . کەلار . کیمیا**

## باڵاپۆشی ناسنامەی پاکێتی یە

خوشکی بەڕێزم : بەڕاستی ئەم پۆشاکە ناسنامەی پاکێتی تۆیە ، و بەڵگەش لەسەر ڕاستی ئەم وتەیەم ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٥٩ ) .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەخێزان و کچەکانت و ئافرەتانی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان ( واتە : باڵاپۆش یان عاباکانیان ) بەخۆیاندا بدەن ، و خۆیان داپۆشن ئەوەش لەبارترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بەحەیا و حشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە ومیهرەبانە .

وە ئەم داپۆشینەش تەنها بۆ خێزان و کچانی پێغەمبەری خوا ﷺ نیە بەڵکو بۆ هەموو ئافرەتانی بڕوادارە .

خوشکی بەڕێزم بزانە خوای گەورە پلە وپایەیەکی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە هەر بۆیە فرمانمانیان پێدەکات بە باڵاپۆشی ، چونکە پلەیەکی بەرزە بۆ ئافرەتان و تاکو نەبێتە کاڵایەکی بێ نرخ هەریەکە و بەویستی خۆی هەر چۆنێکی بوێت تەماشات بکات .

هەروەکو خوای گەورە لە سورەتی ( الأحزاب ) : ئایەتی ٣٣ ) دەفەرموێ : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ .

واتە : لەکاتی دەرچوونتان لەماڵ خۆتان ڕووت مەکەنەوە هەر وەکو چۆن ئافرەتان لەسەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەکردەوە .

کەواتە خوشکی بەڕێزم : خوای گەورە خۆ ڕووت کردنەوەی داوەتە پاڵ کاری نەفامی ، وە ئەم خۆداپۆشینەش بەندکردن وسەرکوتکردن نیە هەروەکو چۆن هەندێ خەڵکی وای دادەنێن بەڕاستی خوای گەورە کە فرمانی کردووە بەخۆداپۆشین بەمانای ڕێزدانان و ناسینەوەی ئافرەتانی بڕوادار و بەحەیاو حیشمەت و پارێزەر و پاکێتی یە بۆ ئافرەتان تاوەکو لەدونیادا سەربەرزبێت وە لەقیامەتیش سەرکەوتو و قەڵغان بێت بۆت لەئاگری دۆزەخ .

خوشکی بەڕێزم : تۆ نابێت گوێ بدەی بەقسەی ئەو کەسانەی کەتانەو تەشەرەت لێدەدەن یان لەسەر حیجابەکەت قسەت پێدەکەن چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ : " لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق " ( رواه أحمد في مسنده ، وصححه الألباني في : صحيح الجامع : ٧٥٢٠ ) .

**زهراء محمد مجید . پ . کەلار . مێژوو**

# بەئاگابە

# نیەت بنەوای هەموو کردارێکە

الحمد لله والصلاة والسلام علي رسول الله وعلي آله وصحبه ومن والاه وبعد :

عن أمير المؤمنين أبي حفص عمر بن الخطاب ﵁ قال : سمعت رسول الله ﷺ يقول : " إنما الأعمال بالنيات ، وإنما لكل امرئ ما نوى ، فمن كانت هجرته إلي الله ورسوله ، فهجرته إلي الله ورسوله ، ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امرأة ينكحها ، فهجرته إلي ما هاجر إليه " ( متفق عليه ) .

واتە : گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ فەرمووی : کردەوەکان بەپێی نیەتەکانە ، وە بۆ هەموو مرۆڤێك بە پێی نیەتەکەی هەیە ، هەر کەسێ کۆچی کردبێ لەبەر خوای پەروەردگار و پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە کۆچ کردنەکەی لەبەر خوای پەروەردگار و پێغەمبەری خوایە ﷺ وە هەر کەسێ کۆچی کردبێ بۆ بە دەست هێنانی دونیا یان مارە بڕینی ئافرەتێك ئەوە کۆچکردنەکەی بۆ ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە .

ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکی گەورەیە لە کردارەکانی دڵ ، لەبەر ئەوەی نیەت لەکردارەکانی دڵە .

هەندێ لەزانایان فەرموویانە : ئەم فەرموودەیە نیوەی بەندایەتیەکان ( عیبادەتەکان ) دەگرێتە خۆی ، لەبەر ئەوەی تەرازووی کردارەکانی ناوەوەیە .

ئەو سودەی کە لەم وتەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەری دەگرین ئەوەیە کە هیچ کردەوەیەك نیە ئیلا دەبێت نیەتی لەگەڵدابێت ، لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێکی ژیر ناگونجێ لەگەڵیدا کرداری بکات بەبێ نیەت . هەتا هەندێ لەزانایان فەرموویانە : ( ئەگەر بهاتایەو خوای گەورەی تەکلیفی کردەوەیەکی لێمان بکردایە بەبێ نیەت ئەوە دەوترا خوای گەورە ئەمرێکی کردووە کەلەتواناداد نیە ) بەڵام خوای گەورە زاناو شارەزایە بەناو دڵەکان ئەمری نەکردووە بەبێ نیەت .

وە یەکێکی تر لەسودەکانی ئەم فەرموودەیە بریتیە لە ڕەد دانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە وەسواسن ئەوانەی کە کردەوە ئەکەن بەڵام چەند جارێك دووبارەی دەکەنەوە پاشان شەیتان پێیان دەڵێ ئێوە نیەتتان نەهێنابوو .

ئێمە بەو کەسانە دەڵێین : نەخێر بەهیچ شێوەیەك ناگونجێ کە مرۆڤ کردوەیەك بکات بەبێ نیەت بەڵکو ئیللا دەبێت نیەتی لەگەڵدا بێت ، بۆیە دەڵێین وەسوەسە بۆ خۆتان درووست مەکەن و کارو کردەوەکان لەسەر نەفسی خۆتان سوك و ئاسان بکەن .

وە یەکێکی تر لەسودەکانی ئەم فەرموودەیە بریتیە لەوەی کە مرۆڤ بەپێی نیەتەکەی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ ئەگەر نیەتەکەی باش بێت و بۆ ڕزامەندی خودا کارەکە ئەنجام بدا ئەوا پاداشتی لەسەر وەردەگرێ بەڵام ئەگەر نیەتەکەی باش نەبێ بۆ ڕیا و سومعەی بێ ، بۆ ئەوەی خەڵکی پێی بڵێن کەسایەتیەکی باشە یان زیرەکە ئەو کاتە سزای لەسەر وەردەگرێ .

وە یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم فەرموودەیە : کردارەکان بەپێی ئەو وەسیلەیەیە کە دەیگریتە بەر بۆی ، ئەگونجێ شتێ موباح ( ڕێپێدراوبێ ) بەڵام تۆ دەتوانی بیکەیتە بەندایەتی و گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار ( ئەگەر مرۆڤ نیەتەکەی باش بێت تیایدا ) بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ خواردن و خواردنەوە دەخوات و دەخواتەوە ئەگەر نیەتی ئەوەی هەبێت بۆ ئەوەی بەهێز بێت ، چونکە بەلاوازی مرۆڤ ناتوانێ فەرمانەکان جێ بە جێ بکا ئەوە پاداشتی بۆ هەیە ، هەروەها کاتێك مرۆڤ خواردن و خواردنەوە دەخوات و دەخواتەوە لەسەرەتادا ( بسم الله ) دەکات وە لە کۆتاییدا ( الحمد لله ) دەکات ئەوە پاداشتی بۆ هەیە .

تاڤان صدرالدین.ئەندازیاری پلانسازی.ك.ت.سلێمانی

## مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی

لە ڕاستیدا بە وردی نازانرێت کێ یەکەمین ڕۆژئاواییەك بووە کە بایەخ و گرنگی بە دیراساتە ڕۆژهەڵاتیەکان دابێت ، و لە چ کاتێکیشدا بووە ئەویش بەهەمان شێوە بە وردی نەزانراوە .

بەڵام ئەوەی جێیی گومان نییە هاتنی هەندێك قەشەی ڕۆژئاواییە بۆ ئەندەلوس – لە کاتی شکۆمەندی و سەربەرزیەکەیدا – ، و لە خویندنگاکاندا خوێندویانە و خۆیان ڕۆشنبیر کردوە و قورئان و چەندین کتێب لە کتێبە ئیسلامیەکانیان لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی خۆیان ، لە هەمان کاتیشدا لای زانا موسڵمانەکان لە بوارەکاندا وانەیان خوێندوە ، بە تایبەت لە فەلسەفە و پزیشکی وبیرکاری ... [1] .

کە ئەم چەند دێڕە دەنوسم واقعی ئەمڕۆی خۆمانم بیردەکەوێتەوە ، ئەوە ئەمڕۆ ئێمەین وانە لەوانەوە وەردەگرین و خۆمان بە زانستی ئەوانەوە سەرقاڵ دەکەین ، لە کاتێکدا ڕۆژگارێك موسڵمانەکان ئەوانیان فێرکردوە .

ئەو ڕۆژگارەی کە هەرکەس لە ئەوروپا خۆی بە زانا پیشان بدایە جبەی لەبەر دەکرد و جلوبەرگی خۆی دەشوبهاندە جلوبەرگی موسڵمانان ، بەڵام داخم ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە ئەوەی جلوبەرگی ئەوروپی لەبەر نەبێت : ئەوە ڕەشۆك و عشایەرە و دایە حاجی و باوە حاجیە با فەیلەسوفیش بێت یان نەشتەگەری مێشك بکات ، بەڵام ئەگەر جلوبەرگی ئەوروپی لەبەربێت ئەوە ئەفەندیە با قل و فل لێك جیا نەکاتەوە .

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەو هەقیقەتە :

ئەمیر ( تشارلز ) جێنشینی پاشای بەریتانیا ئەڵێ : خۆ گێل کردنی تەواو هەیە لەوەی کە ڕۆشنبیری شارستانیەتی ئێمە قەرزاربارى جیهانی ئیسلامیە ، و هۆکار و هەوێنی ڕاپەڕین و ڕێنساسی ئەوروپا بووە ( بروانە کتێبی ئیسلام و ڕۆژئاوا ) .

مامۆستا هەژاری مۆکریانی لە پەخشانێکی جوان گوزارش لە ئەمڕۆ و دوێنێی موسڵمانان دەکات و دەڵێت :

ڕۆژێ کە ئیسلام باوی بوو ، لە نێو گەلاندا ناوی بوو ، زێڕی هەبوو زۆری هەبوو ، [ زانستی هەبوو ] چی بگوتبایە هەر ئەوە بوو ... مامۆستاکانی ڕۆژئاوا لە فێرگەیان ، لە زانستگایان ، لە ناو کۆڕی کەیخودایان ، کاریان لاسایی موسڵمان بوو ، دابی ئەوانیان پێ جوان بوو ، کەوای شۆڕیان لەبەر دەکرد ، عەمامەیان لەسەر دەکرد ، ... ، دەست ڕەنگینانی خاچ پەرست کە دەستکریکیان ڕێك دەخست ، فێڵیان دەکرد ، مۆری ( الله ) یان لێ دەدا ، ڕەنگی ئیسلامیان پێ دەدا ، تا ﴿ وابزانرێ ﴾ ئەو کارانە هی وڵاتی موسڵمانە ، کاری شام و بوخارایە ، کرگاری بەڵخ و بەغدایە ، ئەستەمبوولە ، توسە ، ڕەیە ، کاری وەستای غەرناتەیە ، تەنانەت خاچی گەردەنبەند ( الله ) یەکیان لێ هەڵدەکەند ( گۆڤاری ڕێنوێن : ژ ٢ : لاپەڕە : ٤ و ٥ ) .

ئەڵێم : ببەخشن لەبابەت دەرچوو ، ڕاستیەکی مێژوویی بوو ، باسکردنی زۆر زەروور بوو .

با بگەڕێینەوە سەر ئەصڵی بابەتەکە :

جا لە پێشەنگی ئەو قەشانە ، قەشەی فەرەنسی جرتبرت ( JERBERT ) کە کرا بە پاپای کەنیسەی ڕۆما لە ساڵی ٩٩٩ ی زاینی ، ئەمەش دوای ئەوەی لە پەیمانگاکانی ئەندەلوس خوێندی و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی ، هەروەها لەو قەشانە : ( بەتریسی بەڕێز ) ( PIERRELE Aenere ) ( ١٠٩٢ . ١١٥٦ ) . هەروەها ( جێرارد دی گریمۆن ) ( Gerard de gremone ) ( ١١١٤ . ١١٨٧ ) .

دوای گەڕانەوەی ئەم قەشانە بۆ وڵاتی خۆیان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و نوسراوەکانی ناودارترینی زاناکانیان ، دوای ئەوە پەیمانگاکانیش دامەزرێنران بۆ توێژینەوەی عەرەبی ، لەوانەش : خوێندنگای ( بادۆی ) عەرەبی .

جا کاری ئەوانە بریتی بوو لە دیراسەکردنی ئەو نوسراوە ئیسلامیانەی کە وەرگێردرابوونە سەر لاتینی – کە زمانی زانست بووە لەسەرجەم ئەوروپا لەو ڕۆژگارەدا – .

ئابەو شێوە زانکۆ ڕۆژئاواییەکان بۆ نزیکەی ٦ شەش سەدە ئیعتیمادیان دەکردە سەر کتێبە ئیسلامیەکان و بە سەرچاوەی سەرەکیان دەزانی .

ئیتر هەر لەو ساتەوە بەردەوام هەندێك هەر هەبوون کە دیراسەی ئیسلام و زمانی عەرەبیان دەکرد ، و هەستان بە وەرگێڕانی هەندێك کتێبی عەرەبی لە بواری زانستی و ئەدەبدا تا ئەوەبو سەدەی هەژدە هات . ئەو سەدەیەی کە ڕۆژئاوا دەستیان کرد بە داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵیاندا ، ئا لەم کاتەدا کۆمەڵێك لە زانایانی ڕۆژئاوا لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی هەڵکەوتن ، وە بۆ ئەو مەبەستەش گۆڤارێکیان

[1] بەڵام داخەکەم ئێستا پێچەوانە بووەتەوە ، ئێستا ئەوەی بیەوێ فەخر بە بڕوانامەکەی خۆیەوە بکات ئەڵێت لە زانکۆکانی ئەوروپا وەرمگرتووە !!

لەسەر دەرکرد لە سەرجەم ڕۆژئاوادا ، هەروەها دەستیان گەیاندە دەست نووسە عەرەبیەکان لە وڵاتە ئیسلامیەکان ، و لە خاوەنە نەزانەکانیان دەکڕی یان دەڕۆشتن لە کتێبخانە گشتیەکاندا کە لەوپەڕی هەرکەس بۆ خۆییدا بوو دەیاندزی و دەیانگواستنەوە بۆ وڵات و کتێبخانەکانی خۆیان [٢] .

ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر خەیاڵی لە دەست نوسە دەگمەنە ئیسلامیەکان گوازرایەوە بۆ کتێبخانەکانی ئەوروپا ، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەدا ژمارەی ئەو دەست نووسانە بەدزراو و کڕراو و بەتاڵان براو و ... هتد گەیشتە ( ١٢٥٠ ) هەزار و دوسەد و پەنجا هەزار بەرگ کە بەردەوام لە زیادبووندایە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان .

لە کۆتا چارەکی هەمان سەدەدا یەکەمین کۆنگرە بۆ ڕۆژهەڵات ناسەکان لە پاریسدا لە ساڵی ( ١٨٧٣ ) بەسترا ئیتر کۆنگرە لە دوای کۆنگرە بەبەردەوامی دەبەسترێت تا ئەمڕۆ ، ئەو بابەتانەشی تێدا دەخرێتە ڕوو کە تایبەتە بە ڕۆژهەڵات و ئاین و شارستانیەکەیان .

**م . علی محمد علی . دەرچووی.کۆمەڵایەتی . کەلار**

## ئیسلامۆفۆبیا ... بەرهەمی عەولەمەیە

بیریار و بیرمەندەکانی ڕۆژئاوا کاتێك فکری عەولەمەیان داهێنا وا گومانیان برد کە هەموو سەر زەوی ئیدی ماگدۆناڵد دەبێتە خواردنی و زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی و خاچی پیرۆزیش !!! دەبێتە ملوانکەی گەردنی هەموو ئادەمیزادەکان ، ئەوان بە حسابی مادی ئەوەیان کردبوو ، بە مەنتیقی ئەوەی ئێستا ئەوان پێشکەوتون و هەمووان پێویستیان بەعیلم و مەعریفەتی ئەوانە ، بێئاگا لەوەی کە ئاینی ئیسلام زادی ڕۆحی گەلانی موسڵمانە و ئەو بۆشاییە ڕۆحیەی ئەوان هەیانە موسڵمانان بەگشتی بەدورن لێی .

بەحسابی مادی بێت دەبێت ئەوان براوەبن و ئاکار و ڕەوشت و ئاین و ڕۆشنبیریان باڵاتر بێت ، لەو گەلانەی کە بە جیهانی سێیەمیان ناودەبەن ، ئەگەرچی ئێستا موسڵمانان لە باشترین کاتەکانی شارستانیەتیاندا نین و حاڵی زۆرێك لە گەلانی موسڵمان ناهەموارە و قەیرانبارە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە ئێمە دەترسن و ئاینی ئیسلام باڵا و بەبرەوە ، ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆرجار ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە بە خوێن ڕشتن و زۆری شمشێر گەلانی تری هێناوەتە ژێر ڕکێفی خۆی و وڵاتیانی داگیرکردووە و کچەکانی بەکەنیزەك بردووە !!! وەلێ ئێستا ئەوان خاوەنی فڕۆکەی B52 و کەشتی جەنگی گەورە و هەموو جۆرە بۆمبە قەڵاچۆکەرەکانن ، ناتوانن گەلێکی هەژار و نەدار و نەخوێندەواری موسڵمانی وەك گەلی ئەفغان کۆڵپێبدەن ؟!!

هێدی هێدی ڕوی شاراوەی شارستانیەتی مادی ڕۆژئاوا بۆ دونیا ئاشکرا دەبێت . ئەو بان و دووهەوایە . ئیدی ناتوانن کەسی پێ چەواشە بکەن ، بەهەشتی سەر زەمینەکەی ئەوان کە دەڵێن ئازادی بیروڕا و مافی مرۆڤ کوڵەکە بەهێزەکانیەتی ، بە هۆی ترسیان لە موسڵمانانەوە لێی پاشگەز بونەتەوە ، وڵاتی سویسرا کە بە ڕوگەی . سەرمایەی جیهان . بەناوبانگە لەم ڕۆژانەی پێشوو مەنارەی مزگەوتەکانی ئەو وڵاتەی قەدەغەکرد ، بەبیانوی ئەوەی کە منارەی مزگەوتەکان هێمایەکی سیاسیە ؟!

لەو جۆرەکارە و هاوشێوەکانی بە دەرئەنجامێك دەگەین : کە نە ئازادی بیروڕا و نەماف بۆ مرۆڤی موسڵمان نییە ، ئیدی ئەوان شەرعیەتی ئەوە لەدەست دەدەن کە بێن کوێخایی بۆ موسڵمانان بکەن و باسی ماف و ئازادیان بۆ بکەن ، ئەگەر مرۆڤی موسڵمان پابەندبێت بە ڕێنماییەکانی ئایینەکەی خاوەن باڵاترین پرۆگرامی ژیانە و هیچ پێویستی بەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و چەپ و ڕاست نیە ، بەڵکو موسڵمان پێشەنگ و مامۆستا و بیریار و ئەندازیار و داڕێژەری هەموو بەها بەرز و باڵاکانین پشت ئەستور بە ئاینەکەی خودا و سونەتی پێغەمبەری پێشەوا ( درود و سەلامی خودای لێبێت ) ، هەروەها ئەو شارستانیەتە پڕ بەها کەڵکەبووەی کەبە درێژای مێژووی پڕ سەروەی ئیسلام بۆ موسڵمانان و مرۆڤایەتی ماوەتەوە .

**م . عثمان أحمد . دەرچووی بیرکاری**

---

[٢] ( التاريخ يعيد نفسه ) مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە : کە ئەو چەند دێڕە دەخوێنیتەوە ٢٠٠٣ یت بەبیر دێتەوە کە کاتێك مۆزەخانە و کتێبخانە و زانستخانەکان دەرگایان بەڕەڵا بوو فەوزا و هەرکەس بۆ خۆی دروست بوو بەهۆی ئەو کاولکاریەی کە تووشی عیراق هات بەتایبەت بەغداد ، بەغداد پایتەختی شارستانیەت و مرۆڤایەتی بەڕاستی فرمێسك لە چاوەکانم قەتیس بوو کە دەمبینی مۆزە خانەکان بە شڕە دەبرێن و کتێبخانەکان هەڕاج دەکرێن و بەتاڵان دەبرێن !!! ئەو مێژووە گەورە پڕ شارستانییەتەی بەغداد ئەو شارە هەرە کۆنە عەریقەی دونیا ، کاتێك کە ئەو ناوەندی شارستانیەت بوو وڵاتی بێباوەڕان لە گۆماوی نەفامی و نەزانیدا نوقم بووبوون .

## نامەیەکی گرنگ بۆ ئافرەتانی موسڵمان

بۆ ئەو خوشکانەم : کە نایانەوێت هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسانە بن کە بەناوی مافەکانیانەوە ئەیانەوێ پۆشاکی حیشمەتیان لەبەر فڕێدەن ، نەك لەبەر خاتری ئافرەتان بەڵکو بۆ تێرکردنی ئارەزووە گڵاوەکانیان ، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا تۆی بەرێز وەکو گوڵێکی گەڵا هەڵوەریو بەجێبهێڵن ! دوای ئەوەی وەکو بوکە شوشەی منداڵان یاری خۆیانی پێ دەکەن !!!

**خوشکەکەم :** ئەمە گوڵێکە لەباخی برایەتی هەڵم بژاردووە ، هاندەری نوسین وویستنی خێر و خۆشبەختی بۆ تۆی گەوهەری بەنرخ و خۆپارێز ، بەڵکو جێگەی بایەخدانی تۆی بەرێز بێ .

پابەندنەبوون بە پۆشاکی شەرعی یەوە : لەو سەرپێچیانەی لە کچاندایە پەیرەو نەکردنی پۆشاکی شەرعی و پشت گوێ خستنی ئەو مەرجانەی تەواوکەری باڵاپۆشین ... وە ئاشکرایە کە باڵاپۆشی خوا فەرزی کردووە لەسەر ئافرەتی موسڵمان ، وە مەرجەکانی روون کردۆتەوە بۆ ئەوەی بناسرێت و جیاواز بێت لەو جل و بەرگانەی پێچەوانەی شەرم و رەوشت وجوانین وهۆی بەد رەفتای وتاوانن ...

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ يا أيها النبيُّ قُلْ لأزواجِك وَبَناتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رحِيمًا﴾ ( سورة الأحزاب : ٥٩ ) ، واتا ئەی پێغەمبەر ﷺ بە خێزانەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ با عاباکانیان بدەن بەسەر سەرو لەشیاندا چونکە پارێزراوترە پێی دەناسرێن و ئازار نادرێن وە خوا بە بەزەیی ولێبوردەیە .

وە بیرت نەچێ ئەی خوشکە بەرێزەکەم ئەو هەڕەشە توند و تیژەی کە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێ داوە بۆ ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی لە باڵاپۆشی دەکەن دەڵێت : " صنفان من أهل النارلم أراهما: قوم معهم سياط كأذناب البقريضربون بها الناس ، ونساء كاسيات عاريات ، مميلات مائلات رؤوسهن كأسمة البخت المائلة ، لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا و كذا " ( رواه مسلم ) ، واتە : دوو جۆر دۆزەخی هەن من نەمبینیون : کۆمەڵە کەسانێك قامچیان پێیە وەك کلکی مانگا وایە پێی دەدەن لە خەڵکی ، وە کۆمەڵە ئافرەتانێك داپۆشراون وە لە هەمان کاتیشدا رووتن ، وە بە لارو لەنجە بەرێدا دەڕۆن و سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان رادەکێشن ، وە سەریان وەکو سەر پشتی وشتر وایە ، ئەم دوو کۆمەڵە ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو بۆنیشی ناکەن کە بۆنی لە دووری ئەوەندە و ئەوەندە دێ .

لە کۆتاییشدا دەڵێم : خوشکەکەم بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت نەکەی ببی بە یەکێك لە قوربانیەکانی شەیتان ، و بتکا بەهۆی لەخشتە بردنی کەسانی تر ، مردن و ئازارەکانی گیان کێشان و تاریکی ناو گۆر لەیاد نەکەیت ، بەردەوام یادی دوا رۆژ بکەرەوە چەند سەختە ، بیر لەوەش بکەرەوە کە دەبێ بەسەر پردی صیراتدا ڕەتبی ، رۆژێکیش دێت کە نامەی کردەوەکان دەدرێنە دەستمان جا هاوار بۆ ئەو کەسەی دەدرێتە دەستی چەپی ، وە پەشیمانی وگریان لەو شوێنە دا فریات ناکەوێ ، وە دەستی زەلیلی بۆ لای خوای بەخشندە بەرز دەکەمەوە لە تاوانەکانمان خۆشبێ وە رێگای راستمان نیشان بدا .

سەرچاوە ( **چە پکە گوڵێك لە باخچەکانی ئامۆژگاری بۆ خوشکان** ) .

**داستان صابر . کۆلێژی زمان** E **. سلێمانی**

## دیکۆری هیچ پەنجەیەکت بەدیکۆری پەنجەکانی ترت ناچێت

بسم الله والصلاة والسلام علی رسـول الله ، وبعـد : بەڕێزان وەك ئاشکرایە خوودی هاتنی قورئان خۆی لەخۆیدا موعجیزەیەکی گەورەیە ، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە رۆژ لەدوای ڕۆژ موعجیزکانی تر لە ئایەتەکانی قورئاندا دەردەکەوێ ، چونکە خوای گەورە ئەم قورئانەی بۆ سەردەمێك نەناردووە کە ئەم قورئانەی تێدا دابەزیزوە و پاشان لەکار بکەوێت و وەلاوە بنرێت !!! بەڵکو ئەم قورئانە بنچینەی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر بنیات نراوە ، کە ئەمەش ڕێز و گەورەیی ئەم کتێبە ئاسمانیە و کۆن نەبوونی لە هیچ سەردەم وساتێکدا و ڕێزگرتن و پارێزگاری کردنی لەلایەن خوای گەورەوە نیشان ئەدات ، وەك دەفەرموێت : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ ( الحجر : ٩ ) .

وەتا ئەو رۆژەی ژیان هەیە لەسەر زەویدا هیچ کەس ناتوانێت لە ئینسان و جنۆکە کتێبێکی هاوشێوەی ئەم پەرتوکەی خوا دابنێت ، نەك کتێبێك بەڵکو تەنها ئایەتێك کە هاوشێوەی ئایەتەکانی ئەم پەرتوکە بەنرخە بێت ، وەك خوا خۆی دەفەرموێت : ﴿ قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ

هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾ ( الإسراء : ٨٨ ) .

**وە یەکێك لەو خاڵانەی کە زانایانی ( فەلەکی و فیزیایی کیمیایی . . . هتد ) لە بەرامبەر ئەم قورئانەدا دەهێنێت بەچۆکدا بینینی هەموو ئەو زانیاریانەیە کە دەیسەلمێنن لە کتێبەکەی خوای گەورەدا ، بەمەش دەگەنە ئەو ئەنجامەی کەشتێکی ئەوتۆیان نەکردووە ، چونکە ئەوان تەنها دۆزەرەوە یان تەئکید کەرەوەی زانیاریەکانن ، چونکە هیچ زانایەك نەبووە هەر لە ( گاوس ، ئەنیشتاین ، نیوتن ... هتد ) تا ئێستا بتوانێت بچوکترین شت درووست بکات کە لە بوندا نەبێت ، ئیلا ئەوان وەك دۆزەرەوەیەك یان ڕێکخەرێك کار دەکەن نەوەك دروست کەرێك ، چونکە تائێستا نەبووە و ناشبێت کە بتوانرێت بچوکترین مادە دروست بکرێت یاخود ( پرۆتۆنێك و نیترۆنێك ... هتد ) بەڵکو ئاسمانەکان و زەوی هەمووی موڵکی خوایە و هەر ئەویش درووستی کردوون .**

**یەکێك لەو موعجیزە گەورانە دروست کردنی سەرە پەنجەی مرۆڤە وە هێنانە قسەی لە ڕۆژی دوایدا ، کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە و لە سەردەمی نوێدا نهێنی ئەم ئەندامە بچوکەی لەشی مرۆڤ دەرکەوتووە کەتاچەند هێز و توانی خوای گەورە نیشان دەدات لە موعجیزات و ناردنی ئەم قورئانەدا ، لەکاتێکدا کە بێ بڕوایان دەیان ووت : ئایا خوای گەورە پاش مردن زیندوومان دەکاتەوە ؟؟!! کە خوای گەورە لەزاری ئەوانەوە دەڵێت :** ﴿ وَقَالُواْ أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴾ ( الإسراء : ٩٨ ) . **یان :** ﴿ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴾ ( الصافات : ١٦ ) . **یان :** ﴿ وَيَقُولُ الْإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا ﴾ ( مريم : ٦٦ ) .

**جگە لەوەی کە خوای گەورە پێیانی دەفەرموو :** ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴾ ( مريم : ٦٨ ) . **یان :** ﴿ أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾ ( الإسراء : ٥١ ) .

**وە پاشان یەکێکی تر لە ئایەتانەی کە بێباوەڕانی کۆن و ئێستای پێ سەرسام کرا ئایەتی ( ٤ ) ی سورەتی** ( القيامة ) **بوو کە دەفەرموێت :** ﴿ بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ ﴾ ( القيامة : ٤ ) .

**لە کاتێکدا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ وە بێباوەڕان گوێبیستی بوون زۆر لایان سەیر بوو !!چونکە لەو سەردەمەدا لای عەرەبەکان چەند شتانێك لایان گرنگ بوو وەك ( کوڵمی ئاڵ ، قەدی باریك ، چاوی گەش ، ... هتد ) وە حیکمەتی ئەو ئایەتەی خوای پایە بەرزیان نەدەزانی ، چونکە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت بەشی دەرەوەی شتەکان ببینێت ، ئاگاداری نهێنیەکان و شاراوەکانی تر نییە ، وەنەیان دەزانی هۆکاری ناو هێنانی سەرە پەنجە لە چیدایە لەو هەموو ئەندامەی لەشدا .**

**وە جگە لە گاڵتە کردن بەم ئایەتە لە هەمان کاتدا گەر کەلە سەرێکیان ببینیایە دەیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێیان دەوت : ئایا خواکەت ئەمەش دەهێنێتە قسە ؟؟!!**

**ئەم ئایەتەی خوای گەورە یاخوود ئەم وەڵامە بەبێ ئەوەی تواناکەی بەکار بخرێتە ڕوا مایەوە ، وەخوای گەورە خۆی دەزانێت لە چ سات وکاتێکدا دەیکات بە تەقینەوەیەکی گەورە بۆ بێباوەڕەکان و وەدڵ پتەویەکی زیاتر بۆ ئیمانداران .**

**ئەو تەقینەوە گەورەیەش لە ساتەکانی سەدەی بیستەما بوو ، لە کاتێکدا بوو کە زاناکان ، ئەو زانا بێباوەڕانەی کە نەزان بوون بەرانبەر بە گەورەیی ئەو خوایەی کە تاك و بەدەسەڵاتە ، بەکۆڕای دەنگ ئەوەیان ڕاگەیاند کە : ( دیکۆری هیچ پەنجەیەك بە دیکۆری پەنجەکانی تر ناچێت ) .**

**ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە سەرە پەنجەی زیاتر لە ( ١٠ ) هەزار کەسیان تاقی کردەوە ، ئەو کۆمەڵە بەڵکو گەیشتن بەو ئەنجامەی لەو ڕۆژەوە مرۆڤ هەیە تا ئێستا هیچ سەرە پەنجەیەك لەوی دیکە نەچووە و ناچێت ، نە لەهی دایك وباوك نە خوشك نە برا ... .**

**وە هەر بۆیە تاکە ئەندامێکی مرۆڤ کە تائێستا بۆ ناساندنی یان ناسینەوەی کەسێك بەکار بێت سەرە پەنجەی مرۆڤە لە ڕێگای مۆرکردنەوە .**

**هەروەها لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا زیاتر لە ( ٢٠٠ ) ملیۆن پەنجەی ئادەمیزاد تۆمار کراوە کە تا ئێستا سەرە پەنجەی هیچکام لەو مرۆڤانە لە سەرە پەنجەی مرۆڤێکی تر ناچێت ،** ( سبحان الله ) .

**وە ئەو زانایانە ڕایان گەیاند کە ئەوە جوانترین وەڵامە خوای گەورە بۆ ڕۆژی قیامەت دایناوە . و باشترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەزیندوو بوونەوە نییە .**

**وە لە کۆتایدا هیوادارم کە خوای گەورە سەرەپەنجەمی هێنایە قسە یەکەم شت بدوێت لە بارەیەوە و شایەتی بدات لەسەری ( لەبەر خوا نوسینی ئەم بابەتە بێت کە پێنوسەکەمی لەسەرە** ( إن شاء الله ) .

**صباح نجیب . ك . پ . کەلار . فیزیا**

## هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیە خۆکوژیەکان

ئایینی ئیسلام ئایینێکە کە سەرجەم بنەما و ڕێساکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك خستووە ، و فەرمانی بە هەموو شتێکی چاك کردووە ، و ڕێگری کردووە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ ، و ڕێزی لە مرۆڤ ناوە و مافەکانی بۆ دیاری کردووە .

بەڵام ئەوەی جێی داخە لە جیهاندا ئەم ئایینە هەق و پاکە ڕووبەڕووی هێرشی ڕق لە دڵ و نەفامەکان بووەتەوە ، و ڕەخنەی نابەجێی ئاراستە دەکرێت ، ئەوانەی ئەو ڕەخنانە دەگرن بەڕاستی خیانەتیان لە عەقڵی خۆیان کردووە ، چونکە هیچ کەسێك نیە کە خاوەن عەقڵێکی ساغ و ویژدانێکی زیندوو بێت ، ئیللا لە پاش وردبوونەوە و تێڕامان لە ئایینی ئیسلام تێدەگات کە ئایینێکە عەقڵی مرۆڤەکان دەدوێنێت ، و هانیان دەدات بۆ کردەوەی چاك و ڕەوشتی بەرز ، بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانی تر کە یاری و گاڵتە بە عەقڵی مرۆڤەکان دەکەن و فریویان دەدەن بۆ پڕکردنی گیرفانی هەندێك کەسی خۆپەرست و دڵ ڕەق .

لە هەندێك لە ڕۆژنامە یان گۆڤار یان تەلەفزیۆنەکانی کوردستان یان دەرەوەدا ئەوە بە گوێی خەڵکیدا دەدرێت کە ئیسلام سەرچاوەی تیرۆرە و موسوڵمانەکان توند و تیژ و بیر تەسکن ، وەکو یەکێك لە بێگانەکان لە تەلەفزیۆنێکی عەرەبیەوە دەیوت : هەموو موسوڵمانێك تیرۆریست نیە ، بەڵام هەموو تیرۆریستێك موسوڵمانە .

ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن یان :

١ . کەسانێکی ڕق لە دڵن بەرامبەر بە ئیسلام و موسوڵمانان و دەیانەوێ لە پشت ئەو قسانەوە خەونە ئەرخەوانیە پووچەکانی خۆیان بە دی بهێنن ، و موسوڵمانان وا تێبگەیەنن کە ئیسلام هاندەری توندوتیژییە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت ، و تاکە چارەسەر جێبەجێکردنی سیستمی دیموکراسی خەڵك خەڵەتێنەرە !!

یان :

٢ . کەسانێکی نەزان و نەشارەزان و لە حەقیقەتی ئیسلام تێنەگەیشتوون ، و شوێن قسە و کردەوەی کەسانی لە ڕێ دەرچوو کەوتوون .

لە پاش ئەو پێشەکیە کورتە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بە بەڵگە دەهێنینەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیسلام دژی توندوتیژی و خەڵك کوشتن و خۆ کوشتنە ، لەوانە :

١ . خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا ﴾ ( النساء : ٩٢ ) واتە : بۆ هیچ بڕوادارێك نیە بڕوادارێکی تر بکوژێت مەگەر بە هەڵە .

٢ . وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴾ ( النساء : ٩٣ ) واتە : هەرکەسێك بە دەستی ئەنقەست بڕوادارێك بکوژێت ، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە ، بە هەتا هەتایی ، هەروەها خوا لێی توڕە بووە و لەعنەتی لێ کردووە و سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە .

٣ . وە فەرموویەتی : ﴿ ... مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ﴾ ( المائدة : ٣٢ ) واتە : ئەوەی کەسێك بە ناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت ، یان گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لە زەویدا وەکو ( جەردەیی و دەستدرێژی و ...هتد ) ئەوە وەکو ئەوە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێت .

٤ . وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللّهِ يَسِيرًا ﴾ ( النساء : ٢٩ - ٣٠ ) واتە : خۆتان مەکوژن بە ڕاستی خوای گەورە میهرەبانە پێتان . هەرکەسێکیش کاری وا بکات ( خۆی بکوژێت ) بە دوژمنایەتی و ستەمکردن ، ئەوە لە ئایندەدا دەیخەینە دۆزەخەوە و بە ئاگر دەیسوتێنین ، ئەو کارەش بۆ خوا هەمیشە و بەردەوام ئاسانە .

### ئەی کەسانی خاوەن عەقڵ و ویژدان

ئایا دەگونجێت ئیسلامێك کە گومانی خراپی بە کەسانی ڕواڵەت چاك حەرام کردووە هەر ئەو ئیسلامە کوشتنی خەڵك بە ڕەوا بزانێت ؟! ئایا دەگونجێت ئیسلامێك کە سیخوڕی و جنێو و غەیبەت و ترساندنی موسوڵمانی قەدەغە کردووە هەر ئەو ئیسلامە هەتیوکردنی منداڵی شیرەخۆر و بێوەژن کردنی ئافرەتانی هەژار و کوشتنی زانا و پسپۆڕ و مامۆستایانی زانکۆ بە ڕەوا بزانێت ؟!! ئەی خاوەن ویژدانەکان هەقیقەتەکان مەشارنەوە .

### تیرۆریستان کێن ؟

ئەوانەن موسوڵمانان دەکوژن لەبەرئەوەی موسوڵمانن .

ئەوانەن کە چەك و توانای سەربازی پێشکەوتوو بۆ وێرانکردنی وڵاتی موسوڵمانان و بە ناحەق کوشتنی موسوڵمانان بە کاردەهێنن .

ئەوانەن كە ئەشكەنجە و ئازاری موسوڵمانان دەدەن و زەوی و زاریان داگیر دەكەن و خێر و بێری وڵاتەكەیان دەبەن . ئەوانەن كە بەندیخانەكانیان سوور بووە بە خوێنی موسڵمانان .

ئەوانەن تیرۆریستی ڕاستەقینە هەرچەندە خۆشیان بە سەروەری دونیا و ڕزگاركەری مرۆڤایەتی بزانن ، و وشەی زل و ناوبانگی ناوبۆش بۆ خۆیان بە كاربهێنن .

## ئەو هەقەی نابێت بیشارینەوە

لەگەڵ ئەوەی كە ئیسلام وەكو بەرنامە هیچ كەم و كورتییەكی تێدا نیە و شایەنی جێبەجێكردنە لە هەموو كات و سەردەمێكدا ، كەچی ( كەسانێكی موسڵمانی بەدحاڵی و بە هەڵە تێگەیشتوو ) لەو بەرنامەیە لایانداوە و ڕێچكە و بەرنامەیەكی تایبەتیان بۆ خۆیان داناوە و دەیدەنە پاڵ ئیسلام ( لە كاتێكدا كە ئیسلام لە هەموو ئەو بەرنامە خوار و خێچ و مرۆڤكوژانە بەریء .ە ) ، لە بیروبۆچوونە ترسناكەكانی ئەو موسڵمانە بەدحاڵیانە كافركردنی كۆمەڵگای موسڵمانانە ، كە ئەمەش سەرەنجامەكەی خۆ تەقاندنەوە و كوشتنی خەڵكی بێتاوان دەبێت ( وەكو دەیبینین ) ، بەڵام دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانین كە ئەو كەسانە لەسەر ڕێبازێكی هەڵەن ، و ئەو كەسانە نوێنەرایەتی موسڵمانان ناكەن ، و ئیسلامی پاك و بێگەردیش ئەستۆ پاكە لەو كردەوە خراپ و چەپەڵانەی كە ئەو كەسانە ئەنجامی دەدەن ، خوای گەورە ڕێنموونی هەموو لایەكمان بكات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست ، آمین .

**زانست**

## خەلافەتی ئەبوبەكر لە نێوان حەقیقەت و چەواشەكاری نەیاراندا

ئەبو بەكری صدیق ﵁ هاوەڵ و خۆشەویستی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لەپاش وەفاتی نازدارمان خەلافەتی ئومەتی ئیسلامی پێدەسپێردرێ و دەبێتە خەلیفەی یەكەمی موسڵمانان ، بەڵام ئەوەی جێی داخە و شایەنی باسكردنە كۆمەڵە كەسێكی نەفام و نەزان و تێنەگەیشتو و بیر نەخۆش كە هەست و ناخیان نەخۆشە و دەیانەوی بەتانەدان و چەواشەكردنی ڕاستیەكان ساڕێژی نەخۆشیە پیسەكانی دەرونیان بكەن و خۆیان هەڵدەقورتێننە ناو ئەم بابەتە و وایپیشانی دەدەن كە ئەبو بەكر خەلیفەی موسڵمانان نەبووە بەڵكو دەسەڵاتدارێك بوە و بەزۆر دەسەڵاتی ئیسلامی وەرگرتووە !! بێئەوەی بزانن لە چ هەڵەیەكدان شانازی بەقسەكانی خۆیانەوە دەكەن و قسە ئاڕاستەی ئەم یاوەرە خۆشەویستەی پێغەمبەر ﷺ دەكەن ، وەكو خزمەتكارێكی ئەم دینە پێویستە لەسەرمان نەهێڵین ڕاستیەكان چەواشە بكرێت وكەسانێك كە كەوتونەتە دوای ئارەزوو هەوەسیانەوە بێن و تانەی خراپ لەم یاوەرانە بدەن ، ئەم سێ خاڵەی خوارەوە ئاماژەی پێغەمبەری نازدارە بۆ خەلیفایەتی ئەبو بەكر ﵁ :

١. لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ﵁ دەڵێ پەیامبەری خوا ﷺ نەخۆش كەوت كەحاڵی خراپ بوو ، فەرموی : " مروا أبا بكر فليصل بالناس " واتە : بڵێن بە ئەبوبەكر بائەو نوێژ بەخەڵكی بكات ، عائیشە وتی : ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ئەو پیاوێكی دڵنەرمە ، كە بڕواتە شوێنەكەی تۆ ئیتر ناتوانێ نوێژ بەخەڵكی بكات . پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی بڵێن بە ئەبوبەكر نوێژ بەخەڵكی بكات . عائیشەیش هەمان قسەی دوبارە كردەوە ، ئەویش فەرموی : بڵێن بە ئەبوبەكر با نوێژ بە خەڵكی بكات بەڕاستی ئێوە هاوەڵەكانی یوسفن " بۆیە كەسێك چوو بۆ لای ئەبو بەكر و هەواڵی پێدا ، ئەوەبوو تا وەفاتی پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەخەڵكی دەكرد . ( متفق عليه ) .

ئایا ئەم دوپاتكردنەوەیەی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەوەی ئەبوبەكر نوێژ بەخەڵكی بكات ئاماژەیەك نیە كەلەدوای وەفاتی ئەبوبەكر ببێتە جێنشینی و كاروباری موسڵمانان بگرێتە ئەستۆ ؟

٢. لە جوبەیری كوڕی موتعیمەوە دەڵێ : (( ئافرەتێك هاتە خزمەتی پەیامبەری خوا ﷺ پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێكرد كە سەردانی بكاتەوە ئافرەتەكەش وتی ئەی ئەگەر هاتم و تۆ نەبوی ( مەبەستی مردن بوو ) فەرموی (( فان لم تجدين فات أبا بكر )) ( متفق عليه ) ئەگەر من نەبوم بڕۆ بۆ لای ئەبو بەكر .

ئەی ئەمەیان چی ؟ بەس كەسانێك كە نەخۆشی گرانەتایان بێت هەنگوینی شرینیان لەلا تاڵە .

٣. لە عائیشەوە ﵂ دەڵێ پەیامبەری خوا ﷺ لە نەخۆشیەكەیدا پێی وتم : " بانگی باوكت و براكەتم بۆ بكە ، تا نوسراوێكی بۆ بنوسم ، ئەمن دەترسم خوازیاران ئاوات بخوازن و هەندێك بڵێن : من شایستە ترم ، خوا وە باوەڕداران بەئەبو بەكر نەبێت ڕازی نابن ( متفق عليه ) .

كە ئەم بەڵگانە دێنە پێش دەستمان ئیتر پێویست ناكا خۆمان لەگێلی بدەین و بەدوای سەرچاوە گەلێكەوە خۆمان وێڵ بكەین كە پەنا بەخوا بەرەو بێدینی دەمانبا ... هەركێ بیری تاڵ و نەخۆش بێ ... ئاوی سازگاریشی پێ تاڵ دەبێ .

**صلاح علي قادر . ك . پ . كەلار . جوگرافیا**

## ئەو هۆکارانەی کە گەنجان دوور دەخاتەوە لەتاوانی عیشق و خۆشەویستی

لەژمارەکانی پێشوودا باسی حوکمی عیشق و دواتر باسی ئەو هۆکارانەمان کرد کەوات لێ دەکات تووشی ئەو تاوانە بیت لەم بابەتەدا بەپشتیوانی خوا باسی ئەو خاڵانە دەکەین کە دوورمان دەخەنەوە لەو تاوانە :

١ . خاڵی سەرەکی داخستنی چاوە لە ئاستی نامەحرەمدا جا چ کوڕ بێت یان کچ بێت وەکو خوای گەورە فەرمانی پێکردووین و دەفەرموێت : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ ﴾ ( النور : ٣٠ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر بەپیاوانی ئیماندار بڵێ کەوا چاو لە ئاستی نامەحرەمدا دابخەن ، وە لەئایەتێکی دیکەدا بەئافرەتان دەفەرموێت ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ﴾ ( النور : ٣١ ) واتە : وە بەئافرەتانی ئیماندار بڵێ کەوا چاویان لە ئاستی پیاوانی نامەحرەمدا دابخەن .

بەڕاستی یەکەم هۆکار بۆئەوەی دوورت بخاتەوە داخستنی چاوە چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : " العين تزني وزناها النظر " ( البخاري ومسلم ) ، واتە : چاو زینا دەکات زیناکەشی نەزەر و تێڕوانینی نامەحرەمە .

بۆیە کاتێك کەسێکی نامەحرەمت بینی دەستبەجێ چاوت دابگرە بۆ ئەوەی لەدڵتدا شێوەکەی جێگیر نەبێت و دواتر نەیەتەوە یادت .

٢ . خۆ نزیك کردنەوە لەخوا و تێکەڵ بوونی کەسانێك کە خوات بەبیر دەهێننەوە ، وە دەبێت زیاتر لەناو ئەو کۆمەڵ و کەسانەدا دابنیشی کەوا زیاتر باسی فەزڵ و نیعمەتەکانی خوات بۆ دەکەن و زیاتر باسی خۆش ویستنی پێغەمبەری خوات ﷺ بۆ دەکەن یان باسی زیکرو فەرموودە سەحیحەکان دەکەن وە دەبێت وریای هەر پێنج فەرزە نوێژەکان و زیکرەکانی پاش نوێژ و زیکری بەیانی و ئێوارە و زیکرەکانی تر بیت ، چونکە تاوانت لا قێزەون دەکەن و ئیمانت لا شیرین دەکەن وە ئەو جۆرە کەسانە دەبێت دەستیان پێوە بگریت بۆ ئەوەی لەدەستت دەرنەچن ئەگینا دواتر هاوڕێیەتی کەسانێك دەکەی کە هەر خەریکی عیشق و غەرامن .

پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەموێت : " لا تصاحب إلا مؤمنا ... " ( حسن : صحيح سنن أبي داود : ٤٨٣٢ ) ، واتە : تەنها هاوڕێیەتی ئیماندار بکە .

لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە دەبێت کەسانێك بەهاوڕێی خۆت هەڵبژێریت بەڕاستی دڵنیا بیت لەدینەکەی ئەو ، وە تەنانەت دینەکەی خۆتیش چونکە ئەگەر باش نەبوو ئەوە گومڕات دەکات و سەرت لێ دەشێوێنێت .

٣ . دوور کەوتنەوە لە تەماشاکردنی ئەو فلیمانەی کە تێکەڵاوی کوڕان و کچانی تێدایە وە تەماشانەکردنی ئەو فلیمانەی کە ڕەواج بەعیشق و دڵداری و داوێن پیسی دەدەن وە دەبێت کتێب یان ناملکە و گۆڤار و کورتە چیرۆکی عیشق و خۆشەویستی نەخوێننەوە ، چونکە وات لێ دەکەن ئەو تاوانەت بۆ حەلاڵ دەکەن و زۆر بەجوانی ترش و خوێ پێکراوەی بۆت باس دەکەن دواتر تۆش وا دەزانی شتێکی ئاساییەو تایبەتە بەژیانی خۆتەوە بۆیە پەنای بۆ دەبەیت و دەیخوێنیتەوە .

٤ . کاتە بەتاڵەکان و ئەو کاتانەی کە بەتەنهای هەوڵ بدە بەشتێکی باش و سوود بەخش پڕی بکەرەوە یان هەوڵ بدە کتێبی پڕ لە زانست و ناملکەی ئاینیی بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بتوانی بەباشی لەدینەکەت شارەزا ببێت و کەس نەتوانێت بەئاسانی بەسەر دینتدا زاڵ ببێت کۆمەڵە بیروڕایەکت فێربکات کە دوایی ئاکار و ڕەوشتیشت تیا بچێت و تووشی تاوانی گەورەتر ببێت خوا پەنامان بدات ، چونکە ئەو کاتانە کە بە شتی چاك پڕت نەکردەوە دوایی شتی خراپت دێتە بەردەست و تۆش ناتوانی بەئاسانی خۆتی لێ لابدەی .

٥ . زوو ژنهێنان یاخود زوو شووکردن یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکان بۆ دوور کەوتنەوە لەتووشبوون بەتاوانی عیشق و دڵداری ، چونکە گەر کەسێك هاوسەری نەبێت ئەوا خەڵکی هەوڵ دەدەن بەناوی خوازبێنی بوون و بەهاوسەری دواڕۆژ مسوٚگەرکردن هەڵت دەخەڵەتێنن و لەخشتەت دەبەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا پێمان دەفەرموێت : " يا معشر الشباب من استطاع منك الباءة فليتزوج ... " ( صححه الألباني في صحيح الترمذي ) .

واتە : ئەی کۆمەڵی گەنجان هەرکەسێك لەئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو ئەوا با ژن بهێنێت .

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : " إذا أتاكم من ترضون دينه و خلقه فزوجوه ... " ( صحيح الجامع : ٢٧٠ ) .

واتە : ئەگەر کەسێك هاتە خوازبێنی کچ یان خوشکانتان و لە ڕەوشت و دینداریێتی ڕازی بوون ئەوا ژنی بدەنێ ... .

بۆیە داوام لەخوای گەورە ئەوەیە کە من و ئێوەش بەڕێگە پاك و چاکەکەی ئیسلام شاد بکات و دوورمان بخاتەوە لەتاوان و لەکاری خراپە .

**هیوا محمد زیرەك .ك.پ.کەلار.کوردی**

## لاوان و پێگەی گرنگیان

گەنج وەکو گوڵی باخچەی ژیانە ، مادەی بەرهەم هاتو و بەرهەم هێنەرە ، گەنجی کاتێکە کە لەدەستمان چوو ئەوجا ئاواتی گەڕانەوەی دەخوازین ، هەر وەکو شاعیر دەڵێت :

خۆزگا لاوێتی هاتبایەتە پێش چاووم

پێم ووتبا پیری چی بەسەرا هێناوم

بەڵام تازە تەنها هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشرێت !

جا چاکتر وایە گەنجان ئەم تەمەنە پڕ بایەخە لەکیس خۆمان نەدەین ، چونکە خوای پەروەردگار پرسیاری ئەو تەمەنەمان لێدەکات کە لەچی دا بەسەرمان بردووە ؟ هیچ کەس لە نێوانی ئێمە و پەروەردگاردا نیە لەو کاتەدا .

هەر کۆمەڵگایەك پێشکەوتبێت و وەستابێتە سەر پێی خۆی یان دواکەوتوو و پەك کەوتوو و داتەپیوو بووبێت ، مەبەستم ماددەی خەڵکەکەی نیە بەڵکو هەیکەلی کۆمەڵگاکە ئیللا گەنج هۆکار و سەرمایەی بووە ، ڕوونتر بڵێین هەموو شکۆ و دەسەلات و سەروەری و کلتور و ئەدەب و ئەخلاقی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە چ بە چاك یان خراب بە سیفاتەکانی گەنجی ئەو کۆمەڵگەیە دەپێورێت نەك چینەکانی تر ، چون هەر کۆمەڵگەیەك ژێردەستە کرابێت یان دواخرابێت وە یان کاولکرابێت و قات و قر و کوشت و بڕیش کرابێت دواجار هەر گەنجەکان پەرەیان پێی داوەتەوە بە نەوەی تازە پێگەیاندن و هەوڵی خۆیان و لەپێش هەموو ئەمانەشەوە یارمەتی خودا .

ئەم سەرزەمینەی خۆشمان کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی لەسەر ژیاوە و دەژی وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تر خاوەنی کۆمەڵێك قیەم و ئەخلاق و ئەدەبە کە لە لای خەڵکی بێگانەی بە ویژدانەوە بە شەرم و ئابڕو و ڕێز و سۆز و جەربەزەیی و مەردایەتی وەسف دەکرێت ، جا ئێمەی فێرخوازانی ئەمڕۆ خاوەنی وڵاتین سبەی باوك و دایکی نەوەی دواڕۆژین ، پێویستە بزانین ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە تێگەیشتنێکی تەواوە لە بیروباوەری ئیسلامەکەمان و وردبوونەوە لێی و کارپێکردنی ئاینە تەواوەکەمانە وە پێگەیاندنی خۆمان و نەوەی دوای خۆمان لەسەری و ئەدەب و هەڵسوکەوتی جوان و چاك واتای هەبوون و نەبوونی ئێمەیە ، پێشکەوتن لە بوارە دونیاییەکانیش هەر لەسەر شانی ئێمەیە ، بۆچی ئێمەی تەلەبەی زانکۆ یان پەیمانگا ؟! چونکە مرۆڤ لەم ئاستەدا گەشتۆتە تەمەنی ژیری و ئەتوانێ چاك و خراب ، پاك و پیس لەیەك جیابکاتەوە ، ئاگاشمان لێبێت هەمیشە گلەییەکان نەخەینە سەر حکومەت . سەرباری ئەوەی کە گەورەترین فاکتەریشە بۆ بونیات نان . چونکە هەر بە ڕۆشتنی کات گەنجی ئەمڕۆ دەبێتە کاربەدەستی سبەی حکومەت ، جا پێوستە لەسەرمان هەستێکی تەواو بکەین بەوەی ئێمە موسڵمانین وە ئەوەیە ناسنامەی ئێمە چونکە مێژوویەکی دێرینمان بەو ناونیشانەوە هەیە ، وە هەستێك وامان لێ بکات لە بنەوای دینەکەمان و ئەو بنچینە گرنگانەشی تێبگەین کە سەرفرازی دین و دونیاو پاشە ڕۆژمانی پێ بەدەست بێنین ، کە ئەویش باوەڕبوونە بەو پەیامەی پێغەمبەری خوا کە سەرەتاکەی یەکتاپەرستیە ، ئەو بیروباوەرە بەرزە کە هەموو کردوەکانی بەندە پەیوەست دەکات بە خوای پەروەردگارەوە ، هەموو ویست و داوایەکی دونیا و ئاخیرەتی هەر لە خودا دەکات ، پێویستە هەریەکەمان خۆمان پتەوکەین لەسەر ئەم ڕاستەیە و بزانین کەمترین گومان لەسەر دینەکەمان دەبێتە هۆی ڕوخان و هەڵکێشانی بینای ئیسلام لە دڵەکانماندا ، گرنگە کاری ورد بکەین بۆ پاراستنی بیروباوەڕمان و بوەستین لەبەردەم هەر جۆرە فکرەیەکی خورافی و بێ خوایی و ماددیەت و دونیاگەرایی ، دوای ئەمانەش خۆ ڕازاندنەوە بە هەموو ئەخلاقێکی جوان هەر بە جل و بەرگ و وتە و هەڵسوکەوتمانەوە چونکە ئەمانە پێوەری هەڵسەنگاندنی من و تۆیە ، وە داواکارم لە پەروەردگار بمانگێڕێتەوە سەر ڕاستە شەقامەکەی ئیسلام ... ئامین .

**بیلال جەلال.پ.فیزیا.کەلار**

# ناوو سیفەتەکانی خوا و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ

ناوو صیفەتەکانی خوا بەشی سێیەم و کۆتاییە لە یەکتاپەرستی و بەشێکی زۆر گرنگ و هەستیارە بۆیە پێویستە ئێمەش زۆر زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و لێی تێبگەین بۆ ئەوەی نەچینە پاڵ ئەو تاقم و کۆمەڵە گومڕایانەی کەبەعەقڵی سنورداری خۆیان و تێکەڵ بە خراپەی دەروونیان لەم بەشەی یەکتاپەرستی پێیان خلیسکاوە و بەرەو هەڵدێر ڕۆشتوون ، وە بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بچینە ڕیزی ئەوانەی کەچۆن مەبەستە ئاوەها لێی تێگەیشتوون بەجۆرێك کەبۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لەهەر صیفەتێکی خوای پاك و بێگەرد بەڵگەیەکی شەرعیمان بەدەستەوەبێت ، واتە زانستی تێگەیشتن لەم بابەتە بریتیە لەو زانستەی کە هەڵێنجراوی ڕۆحی بەڵگە شەرعیەکانە بەتێگەیشتن و ڕێنیشان دەرانی ئەم ئوممەتە وە پوختترین شێوازی ڕاست و دروست بۆ لێکدانەوەی ئەم بەشەی یەکتاپەرستی بریتیە لە ( جێگیر کردنی ئەو ناو و صیفەتانەی کەخوای پاك و بێگەرد خۆی بۆ خۆی یان پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی جێگیری کردووە بەپێی یەکێك لە بەڵگە شەرعیەکان ، وەنەفی کردنی ئەو ناوو صیفەتانەی کە خوا خۆی لە خۆی یان پێغەمبەرەکەی ﷺ نەفی کردووە لێی ) بەبێ تێکەڵ کردنی عەقڵێکی تێکدراو و نەفسێکی خراپەکار و شوێنکەوتنی بیرۆکە و بانگەوازکارانی شەیتانی نەفرەت لێکراو ، وەکو شوبهاندنی صیفەتەکانی خوا بەصیفەتی مرۆڤەکان .

ئەم بیرۆکە عەقڵانیە لەگەڵ قسەی خوای بێ وێنەدا ناگونجێت وەکو دەفەرموێت : ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ﴾ ( الشورى : ١١ ) .

وە دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەروەك چۆن بڕوامان بە مانای هەموو صیفەتەکان هەیە ئاوەهاش بڕوامان وایە کە ئەم بەشەی یەکتاپەرستی توقیفیە و بواری بۆ هیچ ڕەئی و بۆچونێکی بێ بەڵگە نەهێشتۆتەوە کە قسەی تێدا بکات ، پاش زانینمان و دیاریکردنی گرنگی و شوێنی ئەم بەشەی یەکتاپەرستی لەشەریعەتی ئیسلام دەپرسین ئایا کاریگەری صیفەتەکانی خوای بێ هاوتا چیە لەسەر کردەوەی پێمەی مرۆڤی ( موسڵمان ) ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین گرنگی ئەم بەشەی یەکتاپەرستی دەبێت لەو کاتەوە هەستمان پێکردبایە کەخوای گەورە کردویەتی بەبەشێك لەسێ بەشی یەکتاپەرستی و کاریگەری ڕاستەوخۆشی هەیە لەسەر کردەوەی مرۆڤە موسڵمانەکان : لێرەدا تەنها چەند صیفەتێك زۆر بەکورتی باسدەکەین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە :

**البصیر** : بەمانای ( بینەری بێسنور بەئاشکراو پەنهان ) دێت ، واتە مرۆڤ هەرکارێك بکات خوا دەیبینێ و هیچ بەربەستێك لەنێوان بینینی خواو کردەوەی مرۆڤەکاندا نیە ، بەڵام ئایا صیفەتی بینینەکەی چۆنە ؟ ئەوە ئێمە نایزانین و بۆ زانستی خوا بەجێی دێڵین ، وە ئێمەش لێپرسینەوەمان لەگەڵدا ناکرێت لەبەرئەوەی نازانین صیفەتی بینینی چۆنە ؟ بۆیە هیچ پێویست ناکات بەڵکو ناشبێت زۆر لەخۆمان بکەین وەڵامێك بۆ ئەو چۆنێتیە بدۆزینەوە بەبێ بەڵگەیەکی شەرعی ئەمەش تەنها لەبەر خاتری شەیتانی نەفرەت لێکراو ، لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەگەر موسڵمانی ڕاستەقینە بەم شێوەیە تێگەیشت لە صیفەتی ( البصیر ) ئەو کاتە لەهەر کوێیەك و لەهەر کاتێکدا بیەوێت سەرپێچی ئەو خوایە بکات ئەم صیفەتە دەیگێڕێتەوە لە ئەنجامدانی و خۆی لێبەدووردەگرێت .

**السمیع** : واتە ( بیسەری بێ سنور بۆ هەموو شتێك ) موسڵمانی ڕاستەقینە هەرکاتێك لەوە تێگەشت کەخوای دروستکاری هەموو شتێك دەبیسێت ئەگەر ویستی قسەیەك بکات و ئەو دروستکارە لەخۆی توڕە دەکات ئەوا پەشیمان دەبێتەوە و ئەو قسەیە ناکات

لەبەرامبەردا چاوەڕوانی پاداشت دەبێت .

**الرقيب** : واتە ( چاودێر بە بەندەكانی و كردەوەكانیان ) ئەو مرۆڤانەی كە بڕوایان بەخوا و ڕۆژی لێپرسینەوە هەیە ئەگەر بزانن و تێبگەن و هەست بكەن كەخوای بەدەسەڵات چاودێرە بەسەر هەموو كردەوەیەكی مرۆڤەكانەوە بۆیە ئەگەر مرۆڤ ویستی سەرپێچی ئەو خوایەی بكات كە چاودێرە بەسەر خۆی و كردەوەكانیەوە بەشێوەیەك ئەو هەستكردنەی گەشتبێتە ئاستی دڵنیایی ( اليقين ) و لەهەمان كاتدا خۆی ئامادە كردبێت بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە ئەوا گوێڕایەڵی پەروەردگاری ناگۆڕێتەوە بەگوێڕایەڵی شەیتان و خراپەی دەروون و دواتر سزای خوا بۆ خۆی حەڵاڵ ناكات .

**العليم** : زانا بەچپە و ئاشكرا بەبێ ئەوەی كەس فێری كردبێت ، واتە مرۆڤ هەرشتێك بكات جاكار بێت و بەئەندامەكانی جەستەی ئەنجامی بدات یان بەزمان یان تەنانەت لەناو دڵیدابێت خوای زانا هەر پێی دەزانێت و هیچی لا شاراوە نیەو تەنانەت ئەوانەی كەلای خۆشمان شاراوەیە وەكو كردەوەكانی داهاتوومان لەلای ئەو هێشتا هەر شاراوە نیە وەكو خوا خۆی دەفەرمێت ﴿ يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ ﴾ ( سورة غافر : ١٩ ) ، كاریگەری ئەم صیفەتەی خوای زانا وا لە مرۆڤەكان دەكات كەنەك هەر خۆیان بگرنەوە لەو كردەوە خراپانەی كەمرۆڤەكانی دەوروبەریان هەستی پێدەكەن بەڵكو خۆشیان بگرنەوە لەو شتانەی كە لەكردەوەی دڵەكانن و كەسانی دەوروبەر بێئاگان دەربارەی ، بەڵام ئەو خوایەی كەئێمە نایبینین ئەو هەموو كردەوەكانمانی زانیوە لە ڕابردوو وە ئەو كردەوانەش دەزانێت كە لە ئێستاو داهاتوودا ڕوودەدەن ... وەسەرجەم صیفەتەكانی تریش هەر بەوشێوەیەن ... لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم بەشەی یەكتاپەرستی وا لە موسڵمانان دەكات كەببنە كەسانێك كەلەهەر جێگایەك یان خاوەنی هەرپلەو پایەیەك بن لەكاتی ڕاپەڕاندنی ئیش و كارو ئەركەكانیاندا چ پەیوەندی بەمافی خواوە هەبێت یان مافی خەڵكی پێویست بەوە ناكات كەسانێكی دروستكراوی وەكو خۆیان بكرێن بەچاودێر بەسەریانەوە بۆدیاریكردنی چۆنێتی ڕاپەڕاندنی ئەركەكەی بەڵكو هەمیشە بەگیانێكی هەستكردن بە بەرپرسیارێتیەوە ئەركەكەی خۆی جێبەجێدەكات چونكە هەمیشە هەست بەوە دەكات كەخوایەك هەیە لەسەرووی هەموو دروستكراوەكانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات ئەگەر هێڵە سوور و قەدەغەكراوەكان ببەزێنێت ، بۆیەئەو چاودێرە لەئاوەدانی و بیابان وە هەمیشە صیفەتی خۆی لەدەست نادات موسڵمانیش بۆئەوەی مافی موسڵمانێتی خۆی بدات هەمیشە دەبێت هەوڵی ئەوە بدات ئەو هەستە ڕۆحیە لای خۆی و دەوروبەرەكەی دروست بكات .

أحمد محمد . دەرچوی یاسا ـ صلاح الدين

## كۆچكردن لەپێناو یەك فەرموودەدا

ئاشكرایە كە گەشتنی ئەو هەموو فەرموودانەی كە ئێستا لەبەردەستمانن لەدووتوێ ی چەند پەرتوكێكدا هەروا كارێكی سادە و ساكار نەبووە ، بەڵكو هاوەڵان وپیاوچاكانی دوای ئەوانیش بە بەردەوامی لەهەوڵ وكۆششدا بوون بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی فەرمودەكانی پێغەمبەری نازدار ﷺ ، ئێمە لێرەدا یەكێك لەو ئەستێرە درەوشاوانەی ئاسمانی فەرموودە دەكەینە دیاری بۆ ئێوە ئەویش هاوەڵی پایە بەرز ( ئەبوو ئەیووبی ئەنسارییە ) رضي الله عنه .

لە عەتائی كوڕی ئەبی ڕەباحەوە دەگێڕێتەوە كە ئەبوو ئەیووبی ئەنساری كۆچ دەكات لەمەدینەوە بەرەو میسر بۆ لای هاوەڵێكی تر بەناوی ( عقبەی كوڕی عامر ) رضي الله عنه بۆ پرسیاركردن دەربارەی یەك فەرموودە كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستوویەتی .

كاتێك كە ئەبوو ئەیووبی ئەنساری دەگاتە میسر

پێشەوای وڵات بەناوی ( مسلمە کوڕی مخلدی ئەنساری ) پێشەوازییەکی زۆر گەرمی لێدەکات ، پاشان دەکەوێتە پرسیارکردن لەم هاوەڵە و پێ دەڵێت : چی وای لێکردی هاتووی بۆ میسر ؟ ئەبوو ئەیووبیش لە وەڵامدا دەڵێت : ئێمە کۆمەڵێك بووین کە فەرموودەیەکمان بیستووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وە جگە لەمن و ئەو هاوەڵەی کەلێرەیە هەموو ئەوانی تر کۆچی دواییان کردووە جا بۆیە هاتووم بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی فەرموودەکە ، داوات لێدەکەم کە یەکێکم لەگەڵدا بنێری بۆ ئەوەی ماڵی ئەو هاوەڵەم پێ نیشان بدات ، پێشەواش یەکێکی لەگەڵدا دەنێرێ و دواجار ماڵی ئەم هاوەڵە ( عقبەی کوڕی عامر ) دەدۆزنەوە عقبەش توند توند ئەبوو ئەیوب لەباوەش دەگرێت و پێشەوازییەکی گەرم وگوڕی لێدەکات پاشان پرسیار لە ئەبوو ئەیووب دەکات کەچی وای لێکردی هاتووی بۆ میسر ؟

ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت : ئێمە کۆمەڵێك بووین فەرموودەیەکمان بیستووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وە جگە لەمن و تۆ هەموو ئەوانی تر کۆچی دواییان کردووە . فەرموودەکەش دەربارەی داپۆشینی عەیبەی موسڵمانە ، عوقبەش لەوەڵامدا دەڵێت : بەڵێ ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە : " من ستر مؤمنا في الدنيا على خربة ، ستره الله يوم القيامة " ( الحديث حسن بمجموع طرقه : رواه أحمد و الحميدي والخطيب البغدادي في الحلة في طلب الحديث ص : ١١٨ ــ ١٢٠ ) ، واتە : هەرکەسێك عەیبەی باوەڕدارێك داپۆشێ لەدونیادا ئەوا پەروەردگار لەڕۆژی دواییدا عەیبەکانی دادەپۆشێ .

ئەبوو ئەیووبیش دەرئەنجام دڵنیا دەبێت لەڕاستی و دروستی فەرموودەکە و ئامانجەکەی خۆی بەدەست دەهێنێت ، پاشان دەگەوێتەوە ڕێ بەرەو شاری مەدیینە جێی نیشتەجێ بوونی .

ئەوەی جێی سەرنج و ئاماژەیە ( ووردبینی و لێکۆلینەوە ) یە لەشارستانیەتی ئیسلامیدا و بەتایبەتی لەژیانی هاوەڵاندا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە ، بەشێوەیەك کە لێکۆلینەوە یەکێك بووە لەئامانجە هەرە گرنگەکانی پەروەردە و فێرکردن ، چونکە ئەم هاوەڵە ئەیتوانی ئەم فەرموودەیە بگێڕیتەوە بەڵام ئەو هەموو ڕێگە دوورەی گرتە بەر لەمەدیینەوە تاوەکو میسر بەس تەنها بۆ دڵنیابوون . چەند خۆشە فێرخوازانی زانکۆش لەهەر قۆناغێکدا کاتێك ڕاپۆرتێك وەردەگرن ووردبینی بۆ بکەن ولاپەڕەی چەند کتێبێك هەڵدەنەوە وسەردانی چەند کتێبخانەیەك بکەن بۆ لێکۆلینەوە لە بابەتەکەیان .

م . پشتیوان محمد . دەرچووی عربی . صلاح الدین

## مەرجەکانی باڵاپۆشی ئافرەتی موسڵمان

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ... أما بعد :

خوشکی یەکخواپەرست ... خوشکی باوەڕدار ... سەلامی خوای گەورە و بەخشندە و میهرەبانت لێ بێت ... خوشکی پایەدار و سەربەرز بەم ئاینە پیرۆزە دەمەوێت بەچاوێکی پڕ ترس لە خوداوە ئەم بابەتە بخوێنیتەوە و بەدڵێکی پڕ بڕواوە سەری بەرزت بەجێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ زیاتر بەرز و بڵند بکەی بەدڵیشت باوەشی پیا بکەی ، بەگوێ ڕایەڵی و بەگوێی عەقڵ و ویژدان لەگەڵیا بژی ... چونکە ئەوەی ڕاستە تۆ لەکۆمەڵدا جێگەت وەکو چاو دیارە شوێنەکەی بەرز و پارێزراوە ... خوشکەکەم پێم خۆشە مەرجەکانی باڵاپۆشی بخەمە بەر چاوت کە ئەمانەن :

**یەکەم** : دەبێت باڵاپۆش ستر بێت بۆ هەموو لاشەی ئافرەت وەك قورئان دەفەرموێت ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ... ﴾ ( الأحزاب : ٥٩ ) .

**دووەم** : نابێت تەسك بێت و قەبارە و ئەندازەی لاشەی بەدیار بکەوێت : ئوسامەی کوڕی زەید ئەگێڕێتەوە و دەفەرموێ : پێغەمبەر ﷺ بەرگێکی دامێ پێیان دەوت ( القبطیة ) منیش بەخشیمە

خێزانەکەم ، پاشان پێغەمبەر ﷺ بینیمی فەرمووی: بۆ ئەو بەرگەم داپێت لەبەرت نەکردووە ، وەڵامم دایەوە و وتم ئەی پێغەمبەر ﷺ بەخشیمە خێزانەکەم فەرمووی بگەڕێوە بۆ لای باناوەکیکی لەژێرەوە لەبەرکات من ئەترسم وەسفی ئەندامەکانی بکات .

**سێیەم :** ئەبێت فراوان بێت بۆ ئەوەی ڕەنگ و وێنەی ژێرەوەی دەرنەخات واتە : بەدەنی ئافرەت دەرنەخات : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : " صنفان من أهل النار لم أرهما : ... ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات ، رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة و لايجدن ريحها ... " ( رواه مسلم ) پێغەمبەر ﷺ ئاماژە بۆ دوو کۆمەڵی دۆزەخ دەکات کە دەڵێت نەمبینیون واتە لەزەمانی پێغەمبەردا ﷺ نەبوونە ... وە دووەمیان ئافرەتانێکن داپۆشراون بەناو بەڵام لەڕاستیدا ڕووتن بە لەنجەولار خۆ لارکردنەوە ئەچنە ڕێوە تاسەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن ، پرچیان بەجۆرێك بەسەر سەریانەوە داناوە خرکراوەتەوە وەکو سەر پشتی ووشترە . ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە .

**چوارەم :** نابێت سەرنج ڕاکێش بێت : واتە نەخش ونیگار و جوانکاریەکی پێوە نەبێت ببێتەمایەی ڕاکێشانی سەرنجی هەرزەکار و گەنجان و چاوی گورگی لاڕێگەکان ، هەروەها نابێت هەندێ نوسینی خراپ و بێکەڵکی پێوەبێت یاخود وێنەی گیانداری پێوەبێت چونکە هەر هەموو ئەمانە پێچەوانەی ستر کردنی خوشکانە ... چونکە ئافرەت بەمانا ستر نەك تەماشا و نیگاربەخشین ... چ مانایەکی هەبێت بەرگێك بت پۆشێ جێگەی گومانی ستركردن بێت .

**پێنجەم :** نابێت ئەو بەرگەی کە خوشکان دەیپۆشن پڕبۆن و گوڵاوبێت : چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت : " إذا استعطرت المرأة فمرت على القوم ليجدوا ريحها فهي كذا وكذا " ( حسنه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود : ٤١٧٣ ) .

واتە : ئەگەر ئافرەت خۆی بۆن خۆش کرد و چووە دەرەوە ، و دای بەلای کۆمەڵە خەڵکێك ، و بۆنەکەی چوو بەسەریاندا ، ئەوا ئەوە و ئەوەیە .

**شەشەم :** نابێت بەرگی شوهرەت و ناساندن بێت : وەکو بەرگێکی زۆر گران بەها بێت کەس نەتوانێت لەبەری بکات جگە لە زلە دەوڵەمەندەکان یان هەر مەبەست لەبەرکردنی خۆدەرخستن و دیاری کردن بێت ... بەڵکو بەرگی خوشکان بەرگی باش و پۆشاکی پۆشین بەمانای ووشە نەك نرخ گران .

**حەوتەم :** نابێت لەپۆشاکی پیاوان بچێت : خوا پەنا بدات ئەمرۆ زۆرینەی پۆشاك و بەرگی ئافرەتان بەرگی پیاوانە ئەمەش گەورەترین موصیبەتە کە وردە وردە بەکردەوە و هەڵسوکەوت ئافرەت ئافرەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە ئەندامێکی بێ کەڵك چونکە نەپیاوە و نەش ڕەوشتە جوان و گران بەهاکانی ئافرەتی پێوە ماوە ... خۆزگە ئەم جۆرە ئافرەتانە لەپیاوان بپرسن لەم کۆمەڵگا کوردەواییە خۆشەویستیەی ئێمە چۆن دەبینرێن ؟ جگە لەوەی نەفرەتی پێغەمبەر ﷺ لەسەرە وەك دەفەرموێت : " لعن رسول الله ﷺ المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال " ( رواه البخاري ) ، واتە : پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووە لە هەریەك لە پیاوان و ئافرەتانی خۆ شوبهێن بە ڕەگەزی بەرامبەریان .

**هەشتەم :** نابێت بەرگ و پۆشاکی ئافرەت لەبەرگی ئافرەتە کافرەکان بچێت : چونکە ئەم جۆرە خەڵکانەش وەعدی خراپیان پێ دراوە لەزاری پێغەمبەرەوە ﷺ کە ئەفەرموێت : " من تشبه بقوم فهو منهم " ( حديث صحيح ) .

واتە : هەرکەسێ لاسای یەك بەبێ بیرلێ کردنەوە و کوێرانە وەکو لەبەرگ و پۆشاك یان هەڵسوکەوت و چونە ڕێوەبکات ئەوا ئەمیش لە ئەو خەڵکانەیە ... ئەمەش خوا نەخواستە ئاسەواری ڕۆژی دوایی خراپی پێوەیە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**م . عبدالله أحمد . دەرچووی بیرکاری**

## بەرهەمەکانی ڕەوشت جوانی

ڕەوشتی بەرز و ڕەوشت جوانی چەندین سود و قازانج هەیە و بەرهەمی بەتام وچێژی هەیە لە دونیا و دواڕۆژدا کە مرۆڤەکان بەدەستی دەهێنن بۆیە لێرەدا بەکورتی لەچەند خاڵێکدا دەیخەمە ڕوو بۆ ئەوەی سەرەتا خۆم جێبەجێی بکەم و دواتر ئێوەش سوودمەند بن لەم باسەدا . إن شاء الله . ئەو خاڵانەش :

١ . داواکردنی ڕەوشت جوانی لەخوای گەورە پێویستە لەسەر هەر تاکێکی ئیماندار جا چ کوڕ بێت یان کچ وە یەکێکە لە سوننەتە هەرە پیرۆزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژەکانیدا پێش خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) دوعای دەکردو لەناو دوعاکەی دا دەیفەرموو : " ... واهدني لأحسن الأخلاق لا يهدي لأحسنها إلا أنت ... " ( صحيح سنن أبي داود : للعلامة الألباني : ٧٦٠ ) .

واتە : خوایەگیان باشترین ئاکار و ڕەوشتم پێ ببەخشە کە هیچ کەسێك توانای بەخشینی نیە جگە لە تۆ نەبێت .

٢ . ڕەوشت جوانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە خۆشمانی بوێت وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " إن الله تعالى جميل يحب الجمال ويحب معالي الأخلاق " ( صحيح الجامع للعلامة الألباني ، برقم : ١٧٤٣ ) .

واتە : خوای گەورە جوانە و جوانیشی خۆش دەوێ [1] وە کەسێ ئاکار و ڕەوشت بەرزی خۆش دەوێ .

بۆیە براو خوشکانی بەڕێزم با هەوڵ بدەین خۆمان ئاکار جوان بکەین ئەویش بە شوێنکەوتنی کەسی ناماقوڵ و دوور لەدین نابێت بەڵکو دەبێت پەیڕەوی ئایاتەکانی خوای گەورە بکەین و شوێن سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوین سوێند بەخوا ڕەوشتمان دەبێت بەجوانترین ڕەوشت .

٣ . یەکێکی تر لە بەرهەمەکان ئەوەیە کە لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشەویست دەبیت لە ڕۆژی دواییدا و نزیك دەبێت لێیەوە وەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن أحبكم إلي وأقربكم مني في الآخرة مجالس أحاسنكم أخلاقا ، وإن أبغضكم إلي وأبعدكم مني في الآخرة ، أسوؤكم أخلاقا " ( صحيح الجامع : ١٥٣٥ ) .

واتە : خۆشەویست ترین کەستان و نزیکترینتان لە کۆڕی دانیشتنی منەوە لەڕۆژی دواییدا ئەوانەن کە ڕەوشتیان جوانە ، وە بوغزاوی ترین و دوورترینتانتان لەمنەوە ئەو کەسانەن کە ڕەوشتیان خراپ و ناشیرینە .

٤ . ڕەوشت جوانی شان بەشانی تەقوا و لەخوا ترسانە بۆ چوونە نێو بەهەشت چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " سئل رسول الله ﷺ عن أكثر ما يدخل الناس الجنة فقال تقوى الله وحسن الخلق " ( حسنه الألباني في صحيح سنن الترمذي : ٢٠٠٤ ) .

واتە : پرسیار کرا لەپێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئەوەی چی وا دەکات کە زۆربەی خەڵکی بچنە نێو بەهەشتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : تەقواو زیاد لەخواترسان لەگەڵ ڕەوشتی جوان .

هەروەها ( ماوەردی ) دەڵێت : (( ئەگەر یەکێك ڕەوشت بەرزبێت ئەوا برادەرو دۆستی چاکی زۆر دەبێت و دوژمنانی کەم دەبێت، کارەکانی بۆ ئاسان دەبێت و دڵە ڕەقەکانی نەرم دەبێت )) .

بۆیە سەرەتا بۆ خۆم و دواتر لە ئێوەش داواکارم کە ڕەوشتمان جوان بکەین چونکە بەو ڕەوشت جوانییەوە دەگەینە ئەو پلە بەرزانەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد .

**دڵشاد سمین برزنجی . ك . پ . کەلار . مێژوو**

[1] لێرەدا هەندێ کەس بەهەڵە تێگەیشتووە مەرج نیە کەسێك بێت شێوەی جوان بێت ، بەڵکو ئەو جوانییە بە ڕەهایی هاتووە وە هەموو شتە جوانەکان دەگرێتەوە لە نێوان هەموو ئەوانەشدا ڕەوشتی بەرزو جوان . والله أعلم .

## RULING ON HOROSCOPES

## ( ئەستێرەکانی بەخت )

Muslims remote of their religion source has made many of the partner doings been

Beautiful for people under the name of renewing and moldering ، therefore many people are doing shirk to Allah such as horoscopes, soothsaying, witchcraft ...

Astrology ، horoscopes ، superstition and fortune - telling are all actions jaahiliyyah ( ignorance which Islam came to show us false and to explain that they are shirk ، because they involve in depending on something other then Allah and believing that benefit and harm come from something other than him ، and believing the words of fortune - tellers and soothsayers who falsely claim to have knowledge of the unseen in order to cheat people of their money and change beliefs.

The evidence ( daleel l ) for that is the hadeeth narrated by Abu Dawood in his Sunan with Saheeh isnaad from Ibn 'ABBAAS ( Allah be pleased with him ) that the Messenger of Allah ( peace and blessings of Allah be upon him ) said : { whoever learns anything of astrology has learned a branch of witchcraft(al-sihr) …. } And al-bazzaar narrated with a jayyid isnaad from Imam Ibn Husayn that the messenger of Allah ( peace and blessings of Allah be upon him ) said one of us who practices augury or has it done for him ، who tells fortunes or has his fortune told or who practices witchcraft or has that done for him ) ، whoever claims to know some unseen either is a fortune – taller or is acting like a fortune – teller in some sense ، because Allah the only one who has knowledge of the unseen. Allah says { Say oh Muhammad ( peace be upon him ) no one knows the unseen from the heavens and the earth except Allah }

﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴾

( سورة النمل : ٦٥ )

Means that :

My advice to everyone who has anything to do with these matters is to repent to Allah ask for his forgiveness and to depend only on Him and to put their trust in Him in all their affairs while following the practical means that are prescribed or permitted in shareeah . They should give up these matters jaahiliyah ، keep awayfrom them and avoid asking the people who practice them or believe what they say ,out of obedience to Allah and his messenger ( peace and blessing of Allah be upon him ) ، and in order to protect his commitment to Islam and 'aqeedah ( religious belief ) . adapted from Majmoo ، fataawa Ibn Baaz ( may Allah have mercy on him ) .

م . ڕێبوار صابر . دەرچووی ئینگلیزی . خانەقین